# ستراتيژەكانی فێربوونی زمانی دووەم


م. ئاسۆ عبدالرحمن كريم
بەشی زمانی كوردی
كۆلیژی پەروەردە-زانكۆی كەركوك

پ.ی.د. شاخەوان جەلال حاجی فەرەج
بەشی زمانی كوردی
سكوڵی زمان – زانكۆی سلێمانی



ملخص

تهدف هذه الدراسة الموسومة بـ ( استراتيجيات علم اللغة الاجتماعي عند متعلم اللغة الثانية ) إلى تحديد الأخطاء اللغوية عند متعلمي اللغة الثانية في مراكز الدراسة في إقليم كردستان، فاللغة مقوم من مقومات المجنمع ووسائله التي تحقق التواصل والتقاهم بين أفراد المجتمع، فضلاً عن تحقيق الاندماج الاجتماعي تدرس ، فاللغة الإنكليزية بدءاً بالروضة وانتهاءً بالجامعة كمادة أساسة، لذلك تواجهها تحديات متعددة، وأخطاء متنوعة عند متعلمي اللغة الثانية، وتحاول هذه الدراسة رصد استراتجية المستعملة عند متعلمي اللغة الثانية، مع بيان كيفية تعلم المتعلمين اللغة الثانية في ضوء هذه استراتيجيات، لهذا آثرت أخذ عينة لإجراء البحث عليها، فتكونت عينة البحث من طلاب المرحلة الثانية والثالثة من قسم اللغة الإنكليزية في كلية التربية/ جامعة صلاح الدين، لأن لغتهم الأولى – اللغة الأم- كوردية.



پوختە

لە كۆزمانەوانیدا( Sociolinguistic) ستراتیژی فێربوونی زمان و زمانی دووەم، ئەو بابەتانەن لە پێناوی بەرەوپێشچوونی پرۆسەی فێربوونی زماندا بایەخیان پێدەرێت. مرۆڤ بۆ مانەوە و هەڵكردنی لەگەڵ كۆمەڵدا پێویستی بە فێربوونی زمانی دایک(یەكەم) هەیە، ئەگەرچی ئەم پرۆسەی فێربوونە لە ستراتیژ و ژینگەیەكی بێ ئاگایی و سروشتیانە ڕوودەدات و زمان بە قۆناغی جیاواز دەهێنێتە بەرهەم، بەڵام ژینگەی زمانە كۆمەڵایەتییەكەی، تا جۆری كۆزانیاری زمانی و ڕۆشنبیری كۆمەڵایەتی و فەرهەنگ و كەلتوری بۆ تاک برەخسێنرێت، ئەوا زمانەكەی پاراوتر و دەوڵەمەندتر دەبێت. دەوڵەمەندی و پاراوی زمانی یەكەم، هۆكارێكی باش دەبێت بۆ گرتنەبەری ستراتیژ بۆ فێربوونی زمانی دووەم. جۆری بارودۆخ و ئەو ژینگە كۆمەڵایەتییەی فێرخوازی زمانی دووەم تێیدا دەژی، ڕێگا بە فێرخوازی زمانەكە دەدات، چ جۆرە ستراتیژییەک هەڵبژێرێت. لە كۆمەڵی كوردەواریدا فێرخواز بۆ فێربوونی زمانی ئینگلیزی(دووەم)، پەنادەباتەبەر ستراتیژی جۆراوجۆر، چونكە فێرخوازان تێڕوانینیان لە سەر ئاستی تاک و ئاستی پرۆسەی فێركاری و پەروەردەیی جیاوازە، ئەویش بەندە بە خودی فێرخواز و زمانی ئینگلیزییەوە، چونكە پرۆسەی فێربوونی زمانی دووەم لە دەرەوەی ژینگەی زمانی ئینگلیزی ئەنجام دەدرێت. پرۆسەی فێربوونی لەم جۆرەش لە هەڵبژاردنی ستراتیژدا كراوە و واڵا دەبێت. بەلای فێرخواز و فێركار(مامۆستا)وە، گرنگی جۆری تاقیكردنەوە و هەڵبژاردنی ستراتیژ لە پرۆسەی فێربوونی زمانی دووەمدا ئەوەیە فێربوونی زمان بە باشی و بە پاراوی بەرهەم بهێنێت و فێرخواز توانای تێگەیشتن و دركاندنی زمانی دووەمی هەبێت.


## - پێشەكی

مرۆڤ لە هەموو زانستێكدا بە پێی تێگەیشتن و پەرەسەندنی تواناكانی لەگەڵ ژینگەی پێویستدا خۆی دەگونجێنێت. قۆناغی گەشەكردنی بیر، پێشكەوتنی تەكنۆلۆجیای سەردەم، خواست و پێویستی خودی و كۆمەڵ، داوای فێربوون و گۆڕانكاری و گونجان لە تاک دەكات، تا لەگەڵ كەلتور و پیشە و ژینگەكەی هەڵبكات. بۆ ئەم مەبەستە پەنا دەباتەبەر ڕێگای داڕشتنی ستراتیژی جۆراوجۆر و تاقیكردنەوەی پلانەكانی ستراتیژی، لەبەرئەوەی ئەزموونی ژیان ئەوەی بەدەرخستووە هیچ ئامانجێک بە بێبوونی پلانی ستراتیژی پراوپڕ بەدینایەت و گۆڕانكاری لە پێداویستی خودی و گونجان و ڕێكەوتن لەگەڵ كۆمەڵگای هاوچەرخ دروستناكات.

گرتنەبەر و هەڵبژاردنی چەمکی (ستراتیژ)١ لە پێناوی (ستراتیژی فێربوونی زمانە)٢، لە ڕوانگە و بازنەی فێربوونەوە گەورەترین دەسکەوتی مرۆڤایەتییە، چونکە فێربوون کار و چالاکی بەردەوام بوونی داهێنراوی توانای بیری مرۆڤە بۆ گەیشتن بە لوتکەی ئامانجی دیاریکراو. فێرخواز و فێرکەر بۆ بەدیهێنان و سەرکەوتن بەسەر ئاستەنگەکانی فێربوون ستراتیژی گونجاو و لەبار دەگرنەبەر، لە هەر قۆناغێکدا کار بۆ بیرۆکەیەکی جیاواز و نوێ دەکەن، تا لە ئاکامدا دەبێتە ستراتیژییەک و دەبیەنە بواری جێبەجێکردن و پەیرەویدەکەن. بوونی پلانی ستراتیژی هێمای نمایندەی ئێستایە بۆ ئایندە، بۆیە ستراتیژی فێربوونی زمانی دووەم هەمیشە لەگەڵ کۆزانینی فێرخواز و فێرکەری جێبەجێکار ئەزموونی نوێ و شەقڵی نوێ دەگرێتەبەر، لەبەرئەوە بۆ هەر سەردەمێک بەپێی ژینگە و هەڵکشانی بیری نێوان فێرکەر و فێرخواز جۆرێک لە ستراتیژی فێربوون کراوەتە بنەمای فێربوون .

٠/ ١)- ناونیشانی لێکۆڵینەوەکە: لێکۆڵینەوەکە بۆ (ستراتیژەکانی فێربوونی زمانی دووەم)تەرخانکراوە، لەم ناونیشانەوە لە ستراتیژییەکانی زمان و بەتایبەتی ستراتیژییەکانی فێربوونی زمانی دووەم دەدوێین.

٠/ ٢)- ڕێبازی لێکۆڵینەوەکە: لێکۆڵینەوەکە ڕێبازی پەسنی و شیکاری گرتۆتەبەر، بەپێی پێویستی لێکۆڵینەوەکە پەنا بۆ ڕێبازی ئاماریش براوە.

٠/ ٣ )- گرنگی لێکۆڵینەوەکە: گرنگی لەوەدایە، لە ناوەندەکانی خوێندنی هەرێمی کوردستاندا، وانەی زمانی ئینگلیزی لە قۆناغەکانی باخچەی ساوایان و سەرتایی، تا زانکۆ بە وانەیەکی سەرەکی دەخوێنرێت. ئایا فێرخوازانی زمانی دووەم لەگەڵ فێرکارەکانیاندا لە هەڵبژاردن و بەکارهێنانی کام ستراتیژدا بۆ فێربوونی زمانی دووەم سەرکەوتوون ؟ ئایا فێربوونی باش بەرهەم دەهێنن و توانای ئەوەیان دەداتێ لە زمانی دووەم تێبگەن؟ وە توانای ئەوەشیان هەیە لە ئاخاوتندا بە باشی بەکاریبهێنن و بەڕەوانی بیدرکێنن.

٠/ ٤)- سنور و داتای لێکۆڵینەوەکە: سنوری لێکۆڵینەوەکە لە کۆزمانەوانیدا خۆی لە ئاستێکی زماندا سنورکێش نەکردووە، داتای لێکۆڵینەوەکەش لە (قۆناغی دووی بەشی زمانی ئینگلیزی-کۆلیژی پەروەدە بۆ زانستەمرۆڤایەتییەکان- زانکۆی سەڵەحەددین) و مامۆستایانی هەمان بەش چربۆتەوە.

٠/ ٥)- بەش و پارەکانی نێو لێکۆڵینەوەکە: لە لێکۆڵینەوەکەدا پارێک بۆ پێشەکی خراوەتەڕوو، دواتر بەشی یەکەم و دووەم لەچەند پارێکدا پێکهێنراوە. بەشی یەکەم تیۆرییە، لە پاری یەکەمدا پێناسە و گرنگی ستراتیژ و قۆناغەکانی ستراتیژی فێربوون خراوەتەڕوو، لەپاری دووەمدا ڕێبازەکانی دابەشبوونی ستراتیژی فێربوون، جۆرەکانی ستراتیژی فێربوون باسکراوە. بەشی دووەم پراکتیکییە، دواتر و ئەنجام و لیستی سەرچاوەکان و کورتەی لێکۆڵینەوەکە بە زمانی عەرەبی و بە زمانی ئینگلیزی خراوەتەڕوو.

١)- ڕاڤە و گرنگی ستراتیژی فێربوونی زمانی دووەم:

١/ ١)- ڕاڤەی ستراتیژی فێربوونی زمانی دووەم:

ستراتیژی فێربوون بریتییە لە هونەری نەخشە ڕێگایەک، کە فێرخواز بۆ فێربوونی زمانی دووەم بەکاریدەهێنێت، دەشێت بە ئارەزوومەندانە و سەربەخۆیانە یاخود ئەزموونی فێرکەرێک جێ بەجێییکات.

براون دەڵێت : (( ڕێگەیەکی دیاریکراوە بۆ لێکۆڵینەوەی گرفتێک، یان بەجێهێنانی گرنگییەک، یاخود کۆمەڵە کار و پرۆسەیەکە بە مەبەستی گەیشتن بە ئامانجێکی دیاریکراو، واتە نەخشەیەکی وێنەکێشراوە لە پێناو ڕێکخستنی زانیاری دیاریکراو و کۆنترۆڵ کردنیان)) Brown،(١٩٩٤:١٠٤)) H. D. .

ئەم بۆچوونەی براون لەمەڕ ستراتیژی فێربوونی زمانی دووەم جەختکردنەوەیە لە گەیشتن بەئامانجی فێربوون و کۆنترۆڵکردنی نەخشەی دیاریکراوە لە نێوان فێرکەر و فێرخوازدا.

ستراتیژی فێربوون (ئەو بۆچوونانە دەستنیشاندەکات،کە فێرکەر لە پرۆسەی فێرکردندا بۆ بە ئەنجام گەیاندنی ئامانجەکانی فێربوون دەیگرێتەبەر بە مەبەستی گەشەکردنی لایەنەکانی کۆزانیاری فێرخواز، لە پێناو خۆشەویستکردن و گرنگیدان بە پرۆسەی فێربوون) دڵنیا نوری عبدالله( ٢٠١٥ :٧ ). لەم بۆ چوونەدا فێرخواز ئەرکی وەرگر دەبینێت، تەواوی ستراتیژی فێربوون لە خودی فێرکەرەوە نەخشەی بۆ دەکێشرێت. واتە ڕۆڵی فێرخواز بریتییە لە جێ بەجێکردنی نەخشە و پلانی فێرکەر.

ئۆکسفۆرد(R،Oxford):((ستراتیژی کارێکی تایبەتە، فێرکەرەکان(مامۆستاکان) بەکاریدەهێنن بە مەبەستی فێربوون بەشێوەیەکی سووک و ئاسان و خێرا، تا فێرخوازان چێژوەربگرن و پرۆسەکە زیاتر چالاک بێت.)) Oxford،(٨ : ١٩٩٠) R. L. .

لەم ستراتیژەدا گرنگترین کارێک فیرکەرەکان بایەخی پێدەدەن بریتییە لە هەنگاوی سوک و ئاسانەوە دەست بەجێ بەجێکردنی فێرکردنی زمان بکرێت، بەم جۆرە پرۆسەیەش خۆشەویستی زمانی دووەم لەلای فێرخوازان دروستدەبێت، واتە فێرخواز دەتوانێت هەر لە هەنگاوی یەکەمەوە کۆنترۆڵی فێربوونی زمان بکات و قۆناغ لە دوای قۆناغ پەرەبپێبدات.

ریچاردز و پلات پێناسەی ستراتیژی دەکەن و دەڵێن: ))چەند رەفتارێکی مەبەستدارە، فێرخواز لەکاتی فێربووندا بەکاریدەهێنێت و یارمەتیان دەدات بۆ فێربوونی زانیاری نوێ و تێگەیشتنیان و بەرەو پێشیان دەبات.)) Richards. J.C، Platt، J.، and Platt، (٢٠٩ : ١٩٩٢) H.

بۆچوونی ریچاردز و پلات، کە فێربوونی زمانی پەیوەست دەکەن بە رەفتاری فێرخوازەوە، بە بۆچوونی ئێمە رەنگدانەوەی رەفتار لە زمان فێربووندا رەتکردنەوەی تەنیا وەرگرتنی زمانە بە ئەبستراکتی و وەکو خۆی، واتە پێوستە فێرخواز بۆ هەر فێربوونێک کاردانەوەیەکی هەبێت و لەگەڵ ژینگەی دەوروبەردا بەکاریبهێنێت، بە دیوێکی تر تەنانەت وەڵامی ئەو پرسیارەش دەداتەوە، ئەگەر فێرخواز لە پۆلدا پرسیارشی لێنەکرا، ئەوا لەبەرخۆیەوە و لە ناخ و ئاوەزیدا وەڵامی دەداتەوە، واتە جۆرێکی کارا لە بەشداربوونی فێربوونی زمانی دووەم دەنوێنێت.

سوانارک(suwanarak) دەڵێت: ((بەجێهێنانێکی بە ئاگایی دیاریکراوە، فێرخواز لەکاتی فێربوونی زمانی دووەمدا بە مەبەستی گەیشتن بەئامانج ئەنجامی دەدات، پەیوەستە بە شێوازی فێربوون و ئاستی وەرگرتنەوە.)) ((٢٠١٢ : ٣ Suwanarak

لێرەدا سوانارک ستراتیژی فێربوونی زمانی دووەم بە ئاگایی و چالاکی فێرخواز دەبەستێتەوە، واتە فێرکەر ئەو ئاستە باڵایە لە پرۆسەکەدا نابینێت، بەو ئاگاییە فێربوونی زمانی دووەم ڕوودەدات و ئاستی فێرخوازش دیاریدەکرێت.

کەواتە لە کۆی تێگەیشتنمان بۆ ستراتیژی فێربوون، دەتوانیین بڵێین ستراتیژی فێربوون بەگشتی هونەرێکە لە پلانی دیاریکراو، ئەم هونەرە بە پێی قۆناغ و بارودوخ و ژینگەی نێوان فێرکەر و فێرخواز هەڵسوکەوت و کاریپێدەکرێت وە ئامانجی سەرەکی لە نەخشەرێگای شتراتیژ گەیشتنە بە فێربوونی زمانی دووەم، هەندێکجار دەشێت لە یەککاتدا زیاتر لە ستراتیژییەک بۆ سەرکەوتنی پلانی فێربوونی زمانی دووەم بەکاربێت.

٢-٢)- گرنگی ستراتیژی فێربوونی زمانی دووەم:

بیرۆکەی ستراتیژی ڕۆڵێکی باڵای بۆ تیۆری فێربوونی زمانی دووەم هەیە، ئەم بیرۆکەیەش جەخت لەسەر دوو پرسیار دەکاتەوە:

ئایا چۆن فێرخواز فێری زمانی دووەم دەبێت ؟

ئەو هۆکارانەی فێرخواز پشتی پێدەبەستێت بەمەبەستی گەشەسەندنی توانای زمانی و گەیاندنی زمان چین؟

بە بۆچوونی (پاڤیسک)گرنگی ستراتیژی فێربوون (لە وشەوە بەدەردەکەوێت، فێرخواز ڕادەهێنرێت لەسەر فێربوونی وشە و ڕێکخستنیان و بەکارهێنانیان لە دەرەوەی پۆڵدا، ئەمەش وا لە فێرخواز دەکات باوەری بە خۆی هەبێت و پەرە بە بەرهەمی زمانی بدات و توانای گەیاندنی هەبێت.)(٥٥: ٢٠٠٨ ) . Pavicic . T.V

(زۆرێک لە لێکۆڵینەوە نوێیەکانی فێربوونی زمانی دووەم گرنگی بە بابەتی فێربوون دەدەن) Yuan،F. ، & Ellis،( ٢٧: ٢٠٠٣) R. ، بۆیە دوو بیروبۆچوونی جیاواز لەم بارەیەوە هاتەئاراوە:

بۆچوونێکیان زیاتر گرنگیان به تایبەتمەندی فێرخوازی باش و فێرخوازی ناوەند دەدات، ئەو ئاستەنگانەی لە کاتی فێربوونی زمانی دووەمدا ڕووبەڕووی فێرخواز دەبنەوە. لە بۆچوونی ئەوانەوە ئەم پرسیانە سەر هەڵدەدات:

ئایا ئەو گۆڕانکاریانەی تێکەڵ بە زمانی دووەم دەبێت چین ؟

ئایا چۆن فێرخواز لە کاتی پرۆسەی فێربوونی زماندا پشت بەخۆی ببەستێت ؟

بۆچوونەکەی تر گرنگی بە چەند ڕواڵەتێکی تر دەدات وەکو (تەمەن ، ئامادەباشی ، پاڵنەر ، کاریگەری شێوازی فێربوون و هۆکاری کەسایەتی) لە فێربوونی زمانی دووەمدا

٣-٢)- قۆناغەکانی ستراتیژی فێربوون

قۆناغەکانی ستراتیژی فێربوون دەرخستنی گرنگی بابەتی فێربوونی زمانە بەگشتی و زمانی دووەم بەتایبەتی. گۆڕان و ئەزموونی بەرەوپێشچوونی بیری پرۆسەکەیە لە نێو ستراتیژی دیاریکراوی قۆناغێک بەرانبەر بە قۆناغێکی تر، بۆیە دەکرێت قۆناغەکانی ستراتیژی فێربوون بۆ سێ قۆناغ پۆلین بکرێن:

قۆناغی (ڕێزمان و وەرگێران): لەسەرەتادا لەکاتی فێربوونی زمانی دووەمدا جەخت دەکرایە سەر بەهرەی خوێندنەوە و نووسین، بەڵام لەو قۆناغەدا بەهرەی بیستن(گوێگرتن) و ئاخاوتن(قسەکردن) کەمتر گرنگی پێدەدرا، بۆیە ناسراوترین ڕێگا بۆ فێربوونی زمانی دووەم ڕێگای (ڕێزمانی و وەرگێران)ە، هۆکارەکەشی دەگەڕێتەوە بۆ فراوانی بەکارهێنانی ڕێگای وەرگێران. ئەم ڕێگایە گرنگی بە بەهرەی خوێندنەوە و نووسین دەدات وە خوێندنەوە بۆ وشەکان بەشێوەیەکی ڕاست و دروست لە ناو ڕستەدا دەکات. هەر ئەم ستراتیژییە داوا لە فێرخواز دەکات ڕێزمانی زمان بە مەبەستی فێربوون لەبەربکات، واتە فێرخواز بۆ فێربوون پشت بە لەبەرکردن و پاراستنی لە یادگەدا دەبەستێت، ئاشکرایە ئەمەش تەنیا بەشێکی بچووکە بۆ کرداری فێربوون.

گرنگی بوونی ئەم قۆناغە لە ستراتیژی ئێستای فێربوونی زمانی دووەمدا بەدەرنییە، چونکە بەشێک لە ستراتیژی ڕێزمان و وەرگێران ڕەنگرێژی پرۆسەی فێربوونی زمانی دووەم دەکات. لە وەڵامی پرسیاری(٧)ی فێرخوازاندا بەدەردەکەوێت بە ڕێژەی ٩٠% فێرخوازان هەوڵدەدەن ئەو وشە نوێیانەی فێردەبن لە نێو ڕستەدا بەکاربهێنن، بۆ ئەوەی لە یادگەیان بمێنێتەوە و بپارێزرێت. بڕوانە پرسیاری(٧)ی خشتەی ژمارە (١).

لەلایەکی ترەوە ئەم ستراتیژە لە ڕووی وەرگێرانەوە ئەو بایەخەی پێشتری لە دەستداوە، چونکە بەشی زۆری فێرخوازن بە ڕێژەی ٨٧% خۆیان لە وەرگێرانی وشک و حەرفی بە دووردەگرن، بەجۆرێک زیاتر لە ٣٣%ی فێرخوان بە هەمیشەیی خۆیان لەم جۆرە وەرگێرانە بە دووردەگرن. بڕوانە پرسیاری(٩)ی خشتەی ژمارە (١). ئەم ستراتیژە داوا لە فێرخوازەکان دەکات ڕێزمانی زمانەکە لەبەربکەن، بە بۆچوونی ئێمە ئەوە یەکێکە لە هەڵە و کەموکورییەکانی ستراتیژی ئەم قۆناغە.

قۆناغی (بیستن و بینیین)، ئەم ستراتیژییە لە ئەنجامی کەمتەرخەمی ڕێگای ڕێزمان و وەرگێرانەوە دروستبوو، کە ئامانجە بۆ گەشەی بەهرەی بیستن و ئاخاوتن لەسەر بنەمای ئەوەی دوو بەهرەی سەرەکین بۆ فێربوون. ئەم ڕێگایە پشت دەبەستێت بە ڕاهێنان و دووبارەکردنەوە لەسەر ئەو بنەمایەی فێربوون لە سێ هۆکار وەردەگیرێت، کە بریتییەن لە: هاندان و وەڵامدانەوە و بەهێزکردن. ئەم شێوازە پێیدەوترێت( پرۆگرامی سەربازی). فێرخواز لەسەر بنەمای هاندان دەستپێدەکات، پاشان فێربوون ڕوودەدات، ئەم ڕێگایەش پاڵپشتە بە دوبارەکردنەوە، کە لەسەر ڕێگای بیردۆزی ڕەفتارییە، بۆیە دەڵێت: (( زمان جۆرێکە لە سیستەمی ڕەفتاری، کە دەتوانرێت فێرخواز فێرببن و فێربکرێن بە ڕێگای هاندان و وەڵامدانەوە و بەهێزکردن)) T ،Varadi (٦٠-٥٩ : ١٩٨٠).. کەواتە بیستن و بینیین دوو بەهرەن بۆ پرۆسەی فێربوونی زمانی دووەم، بوونی بەهرەکان بۆ فێربوون گرنگ و پێویستە، لەبەرئەوە فێربوون بە تەنیا بەهرەیەک تەواو نابێت.

لە قۆناغی بیستن و بینییندا فێرکردنی زمانی دووەم پشتدەبەستێت بە ڕێگای هاندان و وەڵامدانەوە و بەهێزکردن، بۆیە ئەم سێ بنەمایە هۆکاری سەرکین بۆ بیردۆزی ڕەفتاری. ئەم قۆناغە بۆ فێرخوازانی زمانی

دووەم بەشێک لە بەهای خۆی پاراستووە، چونکە بەشێکی زۆری فێرخوازان، کە زیاتر ٩٦% یان لە وەڵامی پرسیاری(١٦)دا لەکاتی نەزانین و کەموکوڕیدا داوای هاندان و یارمەتی و هاوکاری لە دەوروبەریان دەکەن. بڕوانە پرسیاری(١٦)ی خشتەی ژمارە (١).

لە ڕوانگەی بوونی ڕەفتاری وەڵامدانەوەش بە شێک لە فێرخوازانی زمانی دووەم، کاریگەی فێرکەریان لەسەرە و وەڵامی فێرکەرەکانیان دەدەنەوە، تەنانەت ئەم ڕەفتاری وەڵامدانەوەیە گەیشتۆتە ئاستێک، ئەگەر فێرکەر پرسیار ئاڕاستەی ئەوانیش نەکات، ئەوا لەلای خۆیانەوە لە ناخ و لە ئاوەزیاندا وەڵامی دەدەنەوە، چونکە زیاتر لە ٩٦% ی فێرخوازان ئەو دەخەنەڕوو، گەر بەبێ درکاندنش بێت ئەوا وەڵامی فێرکەرەکانییان دەدەنەوە. بڕوانە پرسیاری(٢٠)ی خشتەی ژمارە (١).

قۆناغی بیستن و بینیین بە پرۆگرامی سەربازی ناسراوە، واتە سەربازان بە ناچاری بەم ستراتیژە فێری زمانی دووم دەکران، بەڵام فێرخوازانی ئێستای فێربوونی زمانی دووەم بە ویست و ئارەزووی خۆیان دەیانەوێت فێری زمانی دووەم ببەن، بۆیە بە بڕوای فێرکەرەکانیان بەشێکی زۆریان بە ڕێژەی ٩٠% خۆیان هەڵبژاردن بۆ خوێندن و فێربوونی زمانی دووەم(ئینگلیزی) دەکەن لەم ڕێژەیەدا ٥٠% بە هەمیشەیی ئەو داواکرییان هەیە، بەڵکو تەواوی فێرخوازان دەکەونە پێشبرکێ و تاقیکردنەوەش تا لە بەشی زمانی ئینگلیزی وەردەگیرێن. بڕوانە پرسیاری(٢٠)ی خشتەی ژمارە (٢).

بنەمای سێیەم بەهێزکردنە، ئەم بنەمایە لە قۆناغی پرۆگرامی سەربازییەوە تا ئێستا برەوی هەیە و فێرخوازان بەکاریدەهێنن، چونکە فێرخوازان لە ڕوانگەی فێربوونی زمانی دووەمەوەیە، هەمیشە لە جموجۆڵ و بزێوی و تەکنیکی خۆتاقیکردنەوەدان، دەیانەوێت لەکاتی ئاخاوتنی زمانی دووەمدا ڕانەوەستن و لە ئاخاوتن بەردەوامبن، بۆیە زیاتر لە ٩٣%ی فێرخوازان و بە هەمیشەیی ٤٠% یان کاتێک وشەیەکیان لە بیر دەچێتەوە، یاخود بۆیان نایەت، بەهێزێکی زۆرەوە هونەری دوبارەکرنەوەی وشەی دەربراو دوبارە دەکەنەوە، یان بەدوای وشەیەکی هاوواتا، یاخود لە نزیک وشەی مەبەستدار دەربڕن. بڕوانە پرسیاری(١٩)ی خشتەی ژمارە (١).

قۆناغی ڕێزمانی جیهانی(Generative grammar) ئەم قۆناغە لە سەردەستی چۆمسکی سەری هەڵدا، لە ڕوانگەی ئەم بۆچوونەوە هەر مرۆڤێک توانای زمانی سروشتی خۆی هەیە، لەسەر بنەمای کۆمەڵە ڕێسایەکە، کە ناوی نا (ڕێزمانی جیهانی)-(Universal Grammar)، لە سەر ئەم بنەمایە فێرخواز دەتوانێت گەشە بە توانای خۆی بدات، چۆمسکی وا دەڕوانێتە دەربڕینی ئاخاوتن، لە ڕاستیدا دەگەڕێتەوە بۆ جێگیربوونی بەهرەی ڕۆنانی زمانی بۆ فێرخواز، لەسەر بنەمای پاشخانی کۆزانیاری زمانی یەکەم.

ئەم گەشەسەندنە نوێیە بووە هۆی دەرخستنێکی نۆی لە فێربوونی زمانی دووەمدا، لەم بارەیەوە کۆدەر دەڵێت ((هەڵەی زمانی لەلای فێرخوازی زمانی دووەم ئاماژەیە بۆ گەشەکردنی ڕۆنانی زمانی)) ( Coder ١٩٨١ :٨٣ ) ، ئەم بۆچوونەی کۆدەر ڕاستکردنەوەی بیردۆزەکەی چۆمسکی یە، کە ئاماژەی پێکردووە، ئەم هەڵانە ڕنگدانەوەیە بۆ ڕێکخستنی زانیاری زمانی نوێی فێرخواز، ئەم کردارەش بە گەشەی زمانیی دادەنرێت.

بە بۆچوونی ئێمە ئەم قۆناغە لە ستراتیژی فێربوونی زمانی دووەمدا کاریگەرییەکی دیاری لەسەرفێرخوانی زمانی دووەم هەیە، لەبەرئەوەی چۆمسکی، کە جەخت لەسەر کۆزانیاری زمانی یەکەم دەکاتەوە، کە چەند گرنگ و پێویستە بۆ فێربوونی زمانی دووەم، لەم ڕوانگەیەوە فێرخوازان لە وەڵامی پرسیاری(١٠)دا بە ڕێژەی٧٠% پێیان وایە سیستەمی زمانی دایک بنەمایەکە لە فێربوونی زمانی دووەمیان، بە جۆرێک ٢٧% یان بە هەمیشەیی لەم بۆ چوونەی چۆمسکی نزیک دەبنەوە و لە فێربوونی زمانی دووەمیان پەیرەوی دەکەن. بڕوانە پرسیاری(١٠)ی خشتەی ژمارە (١).

لە لایەکی ترەوە فێرخوازان پاڵپشتی بۆ چوونەکەی چۆمسکی دەکەن، چونکە زیاتر لە ٨٦% یان ، کە ١٦% بە هەمیشەیی و ٧٠%یان لە هەنێک کاتدا دەڵێن ژینگەی پاشخانی ڕۆشنبیری و کۆمەڵایەتی زمانی دایک کاریگەری لەسەر فێربوونی زمانی دووەمیان هەیە و وەکو هۆکارێکی فێربوونی زمانی دووەم تێیدەڕوانن. بڕوانە پرسیاری(١٢)ی خشتەی ژمارە (١).

دەشێت بڵێین مانەوەی ئەم بۆ چوونەی چۆمسکییە، تا ئێستا بەشێک لە فێرخوازان، کە دەکاتە (١٣%)ی فێرخوازانی قۆناغی دووی بەشی زمانی ئینگلیزی لە هیچ کاتێکدا لەگەڵ هاوپۆلەکانیان بەزمانی ئینگلیزی ئاخافت ناکەن، واتە ئەو ڕێژە دیاریکراوە، تا ئەم قۆناغە لەگەڵ هاوپۆلەکانیان بە بەردەوامی بە زمانی یەکەم ئاخاوتن ئەنجام دەدەن. بڕوانە پرسیاری(٢٤)ی خشتەی ژمارە (١).

فێرکەرانی بەشی زمانی ئینگلیزی لە فێربوونی زمانی دووەمی فێرخوازەکانیاندا پاڵپشی بۆچوونەکەی کۆردەر دەکەن، کە کۆردەرش بۆ چوونەکەی چۆمسکی ڕاستدەکاتەوە، ئەومان بۆ ڕووندەبێتەوە فێرکەرەکان لە وەڵامی پرسیاری (١٢)دا ئاماژە بۆ چەند جۆرێکی هەڵەی وەکو ( هەڵەی ڕێخستنی ڕێزمان ( مۆرفۆلۆژی ، سینتاکس)، هەڵەی درکاندن و ڕێکخستی درکاندن، هەڵەی تێنەگەیشتن لە واتای وشە ) دەکەن. واتە بوونی هەڵەی فێرخواز لە هەریەک لەو جۆرانەی هەڵە هێمایەکی ڕوونە بۆ گەشە و پەرەسەندنی توانای فێربوونی زمانی دووەمی فێرخواز. بڕوانە پرسیاری(١٢)ی خشتەی ژمارە (٢).

٣ )- جۆرەکانی ستراتیژی فێربوونی زمان

دەتوانیین بڵێین دوو ڕێباز بۆ دابەشکردنی جۆرەکانی ستراتیژی فێربوونی زمان هەیە، کە بە پێی ئەم دوو ڕێبازە جۆرەکانی ستراتیژی فێربوونی زمان دیاریکراون:

ڕێبازی یەکەم : ستراتیژی فێربوونی زمان بۆ سەر سێ جۆر دابەشدەکات٣ .

ستراتیژی فێربوون (learning Strategies)

ستراتیژی گەیاندن (Strategies Communication)

ستراتیژی بەرهەمهێنان (Production Strategies ).

ڕێبازی دووەم: جۆرەکانی ستراتیژی فێربوون بۆ دوو جۆر ستراتیژ دابەشدەکات:

ستراتیژی فێربوون.

ستراتیژی گەیاندن٤.

بەدەر لەو دوو ڕێبازە جۆرێکی تری ستراتیژ هەیە، بەستراتیژی فێرکردن (Teaching Strategies ) ناسراوە. کەواتە دەتوانیین ئەم جۆرەی ستراتیژی فێربوون وەکو جۆرەکانی ستراتیژی ڕێبازەکان بە جۆرێکی ستراتیژی سەرەکی دەستنیشان بکەین واتە دەبێتە:

٣- ستراتیژی فێرکردن (Teaching Strategies ).

بەمەبەستی وردێتی و زانستێتی فێربوونی زمانی دووەم، لەم پارەدا لە جۆرەکانی ستراتیژی فێربوون دەدوێین، هەروەها هۆکارەکانی فێربوون لای فێرخواز دەخینەڕوو وە ئەوە باسەدەکەرێت بۆچی هەندێکیان لە هەندێکی تر باشتر فێردەبن، ئەمش بە هۆی خستەڕووی جۆرەکانی ستراتیژ، کە هۆکار و نەخشەیە بۆ فێربوون و تێگەیشتنی زانیاری نوێ لە زمانی دووەمدا.

بە تێروانینمان بۆ هەردوو ڕێبازی ستراتیژی فێربوونی زمان و جۆرەکانی ستراتیژی فێربوونی زمان بە پێی نزیکی و گونجانی لەگەڵ پاری بەشەکەدا، سێ جۆر لە ستراتیژی فێربوونی زمان باسدەکەین ئەوانیش بریتین لە (ستراتیژی فێربوون، ستراتیژی گەیاندن، ستراتیژی فێرکردن).

ستراتیژی فێربوون (Learning Strategies)٥

سەرهەڵدانی بیرۆکەی ستراتیژی فێربوون لەمەر فێربوونی زمانی دووەمەوە بە دەستکەوتێکی زانستی و ئەکادیمی دادەنرێت.٦ لەبەر ئەوەی ئەم ستراتیژە بە لێپرسینەوەی فێربوون هەژماردەکرێت، چونکە بنەمایەکە بۆ پشتگیریکردنی فێربوونی زمانی دووەم، فێرخوازی زمان کاتێک فێری زمان دەبێت، کۆزانیاری تایبەتی

لەسەر زمانی یەکەم هەیە، بۆیە دەست بە پرسیارکردن و بیرکردنەوە لە زمانی مەبەستدا( دووەم) دەکات، ئەم کۆزانیاریانەش بریتین لە ستراتیژی فێرکاری ڕەخساو بۆ فێرخواز.

ستراتیژی فێربوون ئەو ستراتیژەیە، کە بستراوەتەوە بە بەهرەی جیاوازی فێربوون، وەکو (بەهرەی بیر، بەهرەی چارەسەرکردنی گرفت، بەهرەی بە ئاگابوون، چالاکی ئەرکی، توانای زانیاری). L. ،Levin (١٩٧٢ : ٨٣)

ستراتیژی فێربوون پشتگیری لە بیر دەکات بۆ تێگەیشتنی زانیاری نوێ و چالاکی دەکات، واتە ئەوە دەگەیەنێت بەندە بە تێکردە (Input) بە واتایەکی تر کاری چارەسەر و کۆکردنەوە و گەڕانەوە دەکات . دوجلاس براون ( ١٢٠: ١٩٩٤)

کەواتە بەتێگەیشتنمان لەو دوو پێناسەیەی سەرەوەدا، دەتوانیین بڵێین ستراتیژی فێربوون بە کۆزانیاری زمانی یەکەمی فێرخواز نەخشەیەکی فێربوونە، کە فێرخواز بەڕێگای بەهرەی جیاوازی فێربوون پشتگیری لە بیر دەکات بۆ تێگەیشتنی زانیاری نوێ و چالاکی دەکات و لە فێربوونی زمانی دووەمدا بەکاریدەهێنێت.

لێکۆڵینەوەکانی فێربوونی زمان ستراتیژی فێربوونیان بەسەر چەند چینێک پۆل کرد لە نێویاندا ئۆکسفۆرد (Oxford ١٩٩٠) بۆ دوو چین دابەشیکرد. ( ٩ : ١٩٩٠) Oxford . R

ستراتیژی ڕاستەوخۆ یان ( سەرەتایی):

بەم ناوە ناو براوە، چونکە چارەسەری بیری زمان دەکات، ئەویش سێ جۆر ستراتیژ لە خۆدەگرێت :

ستراتیژی کۆزانیاری:

ئەم جۆرە بۆ بەدەستهێنانی زمان و گەشەپێکردنی سیستەمی زمان بەکاردێت وەکو: بەرهەمهێنان و ڕاهێنان و دووبارەکردنەوە و ڕاهێنانی شێوازی دەنگ و نووسین، ناسینی بەکارهێنانی وشە و ڕستە و شێوازی زمان و بنیاتنانەوەی پێکهاتە وە گرنگی بە لەبەرکردن و دووبارەکردنەوە و کورتکردنەوە و وەرگرتنی زانیاری و ناردنەوەیان دەدات .

ئەم جۆرە ستراتیژییە کرداری کارلێکردنی نێوان فێرخواز و بابەتی زانستی قوتابخانە لەماوەی ئەنجامی بەکارهێنانیدا لە خۆدەگرێت، وەک:

مامەڵەکردنی بیری فیزیکی بۆ بابەتەکە.

ڕاهێنانی هونەری و تەکنیکی جیاواز بەمەبەستی چارەسەرکردنی گیروگرفت، یان جێ بەجێکردنی گرنگی فێرکاری بۆ زمانی دووەم.

کەواتە ستراتیژی کۆزانیاری لە فێربوونی زمانی دووەمدا بۆ بەدەستهێنان و گەشەپێکردنی سیستەمی زمان چەند ڕێگا و هونەرێکی جۆراوجۆر لە خۆدەگرێت، کە لە دوبارەکردنەوەدا فێرخوازان بەلایەنی کەم دووجا ئەو بابەتی کەرەستەی فێربوونی زمانەکەیانە دوبارەی دەکەنەوە بەجۆرێک لە وەڵامی پرسیاری(١)دا زیاتر لە ٨٦% ی فێرخوازان ئەم هونەری فێربوونە بە کاردەهێنن، بەجۆرێک زیاتر لە ٣٦% یان بە هەمیشەیی بەکاریدەهێنن. وەڵامی پرساری (٢)ش ئەومان بۆ دەردەخات هونەری دوبارەکرنەوەی بابەتی فێربوونی زمانی دووەم، هونەرێکە شایستەی بەکارهێنانە لە فێربووندا، چونکە ٩٠% فێرخوازن بەتایبەتیش زیاتر لە ٥٦% یان بەهەمیشەیی بەکاریدەهێنن. هەروەها لە وەڵامی پرسیاری (٥)دا ئەوە بەدیدەکەن ئەم هونەرە لە فێربووندا برەوەی هەیە بەجۆرێک لە هەردووی وەڵامی هەمیشەی و هەندێک جاردا ڕێژەی زیاتر لە ٧٩%ی بەدەستهێناوە . بڕوانە پرسیاری(١ ، ٢، ٥)ی خشتەی ژمارە (١).

لە پاڵ دوبارەکردنەوەی وشەدا، نووسینەوەی وشە بۆ ئەوەی لە یادگەی فێرخوازاندا بپارێزرێت جۆرێکی ترە لە هونەر و ڕێگای فێربوونی زمانی دووەم، بۆ ئەو مەبەستە زیاتر لە ٦٦%ی فێرخوازان لەم ستراتیژە بەکاریدەهێنن، بەڵام ڕێژەی هیچ کات ٣٣% و ڕێژەی هەمیشە ٢٣% دایە، واتە ڕێژەی هەمیشەیی نە گەیشتوتە ئاستی دەربازبوون، کە زیاتر لە (٣٣,٣%) ە. بڕوانە پرسیاری(٣)ی خشتەی ژمارە (١).

ستراتیژی بە بیرهێنانەوە:

ئەم ستراتیژییە لە ناوەکەی دیارە یارمەتی چوونە ژوورەوەی زانیاری بۆ مێشک دەدات لە کاتی کارلێکردن لەگەڵ بیرهێنانەوەی زمان و بەستەوەی بە بیر و هۆشەوە، بەستەوەی وێنە بە دەنگ و جووڵە و بەیەکەوە بەستنەوەی وشەکان و دانانی لە ڕستەی گونجاو و شیاودا بە پێی دەورووبەر( سیاق) وە پێدا چوونەوەی گونجاو، واتە (ستراتیژی بە بیرهێنانەوە بەندە بە ڕێکخستنی شتەکان و بەستنەوەیان بەیەکتر و پێداچوونەوەیان) ( ١٩٩٠:٣٩) Oxford . R لێرەوە دەگەینە ئەو بۆچوونەی ستراتیژییەکە جەخت لەسەر فێربوونی فێرخواز دەکاتەوە لەسەر بنەمای بەکارهێنان و هەڵهێنجانی وشە بۆ دروستکردنی ڕستەی گونجاو بەپێی دەورووبەر.

لە ستراتیژی بە بیرهێنانەوەدا فێرخوازن بۆ چوونەژوورەوە(out put)ی زانیاری، هوڵی ئەوە دەدەن وشە نوێیەکان لە دەوروبەر(سیاق)ی ڕستەدا بەکاربهێنن، ئەوەش بەمەبەستی لە بیرنەچونیانە. بۆ ئەم مەبەستە ٩٠%ی فێرخوازان ئەم پلانە بۆ بەدیهێنای ئامانجی فێربوون بەکاردەهێنن، بە جۆرێک ڕێژەی بە کارنەهێنای ئەم ستراتیژە لە ١٠% فێرخوازان تێپەر ناکات، واتە ئەم ستراتیژە بەلای فێرخوازانەوە گونجا و پەسندە. بڕوانە پرسیاری(٦)ی خشتەی ژمارە (١).

ستراتیژی قەرەبوکردنەوە :

ئەم ستراتیژە بریتییە لە خەمڵاندن بەشێوەیەکی زیرەکانە، مەبەست لە خەمڵاندن (دیاریکردنی زمانە لە دەوروبەر(سیاق)ی ڕستەدا وە کۆکردنەوەی زانیارییە لەسەر وشە و دیاریکردنی واتاکەی لە ڕووی (ناو ، کار ، پیت)ەوە وە تەماشاکردنیان لە ڕووی پێکهاتەی ڕێزمانییەوە) (عبدالله الهاشمي و محمود علي( ٢٠١٢ : ١٠٧). ئەم ستراتیژە تێپەڕاندنی بەربەستەکانە لەکاتی ئاخاوتن و نووسیندا، بەکارهێنانی گریمانەی زمانی گواستنەوە بۆ زمانی دایک، هەروەها بەکارهێنانی زمانی هێمایی، هەڵبژاردنی بابەت و ڕاستکردنەوەی پەیام و توانای بە کار هێنانی هاوواتاکانی.

کەواتە دەتوانیین بڵێین ئەم ستراتیژە هەنگاوێکی باشتر دەبڕێت لە ستراتیژی بەبیرهێنانەوە، چونکە بەکارهێنان و فێربوونی زمان بە دەوروبەری ڕستە دەبەستێتەوە، هەروەها بەوەش ناوەستێت، بەڵکو داوا لە فێرخواز دەکات لەگەیاندی پەیام و ئاخاوتن و نووسیندا با لەسەر ڕۆنانی زمانی یەکەمیش بێت بەردەوامبێت، واتە گرنگ بەردەوامی هەوڵدانە لە سەر فێربوونی زمانی دووەم.

لە ستراتیژی قەرەبوکردنەوەدا فێرخوازان زیرەکانە هەڵسوکەوت لەگەڵ پرۆسەی فێربوونی زمانی دووەمدا دەکەن، لەبەرئەوەی فێربوونی زمان بە دەوروبەر(سیاق)ی ڕستەدا دەبەستنەوە، هەروها کۆکردنەوەی زانیاری لەسەر وشە و دیاریکردنی واتاکەی و تەماشاکردنیان لە ڕووی پێکهاتەی ڕێزمانییەوە بابەتێکی گرنگی ستراتیژەکەیانە. بۆیە وەڵامی پرسیارە(٩)ی فێرخوازان گرنگی بە واتای وشە بە نزیکەی ٩٧%ی وەرگرتووە، ئەم ڕێژەیە٣٣ %ی بە هەمیشەیی تێپەڕاندووە، هەروەها وەڵامی پرسیارە(٨)ی فێرخوازانش گرنگییەکی تری بۆ ستراتیژی قەرەبوکردنەوە هەیە، چونکە وێرای ئەوەی، کە لە سەرەتادا واتای وشە لە دەوروبەری ڕستەدا بەکاردەهێنن، ئەگەر نەگەیشتن بە واتای مەبەست ئەوا پەنا بۆ وشەیەکی نزیک لەو وشەیە دەبەن، ئەم پەنا بردنە لای زۆری فێرخوازان بەدیدەکرێت، تەنیا ٣,٣% ئەم ستراتیژی قەرەبوکردەوەیە لە هیچ کاتێکدا بەکارناهێنن. لە وەڵامی پرسیاری (٧)دا تێروانینمان بۆ بەکارهێنانی ئەم ستراتیژە لە ڕووی گرنگی ڕستە بە لای فێرخوازانەوە زیاتر دەبێت، چونکە٩٠% ی فێرخوازان، نەک هەر ڕستە وەکو بەشە سینتاکسییەکە بۆیان گرنگە، بەڵکو بۆ تێگەیشتن و لە بیرنەکردنی وشە نوێەکانش بەکاریدەهێنن.

لەلایەکی ترەوە فێرخوازان ئەم ستراتیژە بەکاردەهێنن بۆ قەرەبوکردنەوەی ئەو کەموکوڕی و هەڵانەی لە زمانی دووەمدا هەیانە، ئەویش بە بەکارهێنانی گریمانەی زمانی گواستنەوەیە بۆ زمانی دایک، لەبەرئەوەی لە وەڵامی پرسیاری(٦)دا ٩٠% یان بۆ ئەم قەرەبوکردەوەیە پەنا بۆ زمانی دایک دەبن،هەروەها کاریگەری سیستەمی زمانی دایک لەسەر زمانی دووەمیان لە وەڵامی پرسیاری(١٠)دا بەرێژەی٧٠% یە. کاریگەری زمانی فێرخواز لەسەر لە فێربوون و بەکارهێنانی ڕێزمان و ئاخاوتن و درکاندنی زمانی دوەەم(ئینگلیزی) ڕێژەیکی زۆری تێپەڕاندووە، بە جۆرێک لە وەڵامی پرسیاری(١)ی خشتەی ژمارە (٢)دا، هیچ فێرخوازێک نییە ئەم کاریگەرییەی لەشەر نەبێت.

دەكرێت بڵێین فێرکەرەکانش هۆکارێکن بۆ ئەوەی فێرخوازەکان ئەم ستراتیژە بەکاربهێنن،چونکە لە وەڵامی پرسیاری(٣)ی نەخشەی(٢)دا ٩٠% ی فێرکەرەکان ئەو وانانەی کە فێرخوازان تێینەگەیشتوون بۆ فێرخوازەکانیان دوبارە دەکەنەوە، واتە تەنیا ١٠% ی فێرکەرەکان لە هیچ کاتێکدا وانەکان بەزمانی دایک دوبارە ناکەنەوە. بڕوانە پرسیاری(٩، ٨ ، ٧ ، ٦،١٠) ی خشتەی ژمارە (١) و پرسیاری( ١ ، ٣)ی خشتەی ژمارە (٢).

ستراتیژی ناڕاستەوخۆ یان ( یارمەتیدەر):

ئەم جۆرە ستراتیژە لە فێربوونی زمانی دووەمدا یارمەتی فێرخواز دەدات، بە بەکارهێنانی جۆرە شێوازێکی تایبەت و خۆ بەدورخستن لە خۆخلیسکانی ڕاستەوخۆی زمانی دایک(یەکەم) ، ئەویش بریتییە لەم سێ جۆرە:

ستراتیژی میتادرککردن (Metacognitive):

ئەم ستراتیژە بۆ سەرپەرشتیکردن و ڕێکخستن و ئاڕاستەکردنی دەروونی بۆ فێربوون بەکاردێت وە دەستپێکی کاری ئەم ستراتیژە لە خودی فێرخوازەوە هەنگاو هەڵدەگرێت و لە بارەی زمانی دووەمەوە داوای زانیاری لە فێرخواز دەکات. چارەسەرکردنی درککردن بە هۆی پلاندانان و چاودێری خودییەوە دەبێت، واتە فێرخواز لەکاتی پرۆسەی فێربووندا چاودێری خودی خۆی دەکات و هەڵەکان ڕاستدەکاتەوە، ئەویش بەچەند شێوەیەک دەبێت، وەکو چاودێریکردنی خودی خۆی لەکاتی دەربڕین و نوسیندا، چاودێریکردنی بەرهەمەکانی خۆی لە کاتی گەیاندنی زارەکی و نووسیندا، چاودێریکردنی شێوازی فێربوونی، هەڵسەنگاندنی خودی لە کاتی فێربوونی زمانی دووەمدا، تێیدا فێرخواز بەهرەی خۆی هەڵدەسەنگێنێت و ئەم پرسیارە ئاڕاستەی خودی خۆی دەکات:

ئایا دەتوانێت لە وشەکان تێبگات و دەربڕین ئەنجامبدات ؟

گرنگیدان و جەختکردنەوە لەسەر فێربوون، وەکو (تێپەڕاندنی زانیارییە زانراوەکان، دواخستنی بەرهەمی ئاخاوتن بەمەبەستی بیستن ). ئەم ستراتیژەش یارمەتیدەرە بۆ ڕێکخستنی زانیاری فێربوون لەکاتی گەڕاندا، لە لایەکی ترەوە ئەرکی ئەم جۆرە ستراتیژەی زمانی دووەم بە پێوەری خودی فێرخواز ئامانجی دیاریکردنی ئاستی فێربوونی زمانی دووەمە.

لەم ستراتیژەدا فێرخواز گرنگی بەچاودێریکردنی ئاستی تێگەیشتن و فێربوونی زمانی دووەمی دەدات بۆ ئەم مەبەستە لە وەڵامی پرسیاری(٢١)دا نزیکەی ٩٧% ی فێرخوازان چاودێری ئاستی فێربوونی خۆیان دەکەن، لەم ڕێژەیەشدا زیاتر لە ٣٦% یان بە هەمیشەیی پەیرەوی دەکەن. هەروەها فێرخواز کار بۆ ئەوە دەکات بارێکی ئارام و هێمن بۆ خۆی برەخسێنێت، بۆیە لە وەڵامی پرسیاری(١٨)دا زیاتر لە ٨٦%ی فێرخوازان لە کاتی دڵەراوکێ و ترس و شەرمدا پشوو وەردەگرن، تا لە ئاخاوتندا بەردەوامبن. لەلایەکی ترەوە فێرخوازان متمانەی گەورەیان بۆ خۆیان دەستەبەرکردووە و لەهەڵەی فێروونی زمانی دووەمدا سڵناکەنەوە و لە بەکارهێنانیدا بەردەوامدەبن، بۆیە زیاتر ٨٠% ی فێرخوازان لە وەڵامی پرسیاری(١٥)دا ئەم متمانەیە دەکەنە ڕێگای سەرەکی بۆ فێربوونی زمانی دووەم. هەرەها لە ڕوانگەی متمانە بە خۆ بوونەوە فێرخوازان ئاستی توانای فێربوون و تێگەیشتنی خۆیان تاقیدەکەنەوە و خودی خۆیان دەکەن بە پێوانە و هەڵسەنگاندنی فێربوونیان، بۆیە لە وەڵامی پرسیاری(٢٠)دا زیاتر لە ٨٦%ی فێرخوازان وەڵامی ئەو پرسیارنەی فێرکەرەکانیان دەدەنەوە، ئەگەرچی ئاڕاستەی ئەوانیش نەکرابێت، واتە فێرخواز لە دیوی ناوەوەی خۆی، یان لەبەر خۆیەوە بەجۆرێک وەڵام دەداتەوە، کە هەڵسەنگاندنێت بۆ ئاستی فێربوونی زمانی دووەمی. بڕوانە پرسیاری(٢١ ، ١٨، ١٥ ، ٢٠) ی خشتەی ژمارە (١).

ستراتیژی ویژدانی ( کاریگەری):

ئەم ستراتیژە کۆمەڵە هۆکایک لە خۆ دەگرێت و دەیکاتە پاڵپشت بۆ فێربوونی زمانی دووەم، ئەوانیش بریتین لە هاندان بۆ ڕزگاربوون لە دڵەراوکێ بە هۆی (خاووبونەوە و هەناسە هەڵکێشانێکی قوڵ، بیرکردنەوە و گوێگرتن لە مۆسیقا و پێکەنیین)، بروا بە خۆ بوون و پێوانەی پلەی سۆزداری بە هۆی ( گفتوگۆکردن

لەگەڵ هەست و سۆز و کەسانی تر). ئەم جۆرە ستراتیژە هەموو ئەمانە دەکاتە هۆکاری جۆراوجۆر بۆ فێربوونی زمانی دووەم.

لە ستراتیژی ویژدانیدا فێرخواز بۆ فێربوونی زمانی دووەمی گرنگی بە بارێکی ئارام و هێمن دەدات ، بۆیە لە وەڵامی پرسیاری(١٨)دا زیاتر لە ٨٦%ی فێرخوازان لە کاتی دڵەراوکێ و ترس و شەرمدا پشوو وەردەگرن، تا ئامادەی باشتر بۆ ئاخاوتن و دەربڕین بگرنەبەر. لە وەڵامی پرسیاری(١٧)دا زیاتر لە ٩٣% فێرخوازان ئەم ستراتیژە دەکەنە هونەرێکی شیاوی دەروونی، بۆئەوەی ژینگەی بیرکردنەوەیان بگەڕێتەوە سەرباری ئاسایی خۆی و بتوانن وەڵامی پێویست بە دەستبخەن. بڕوانە پرسیاری(١٨ ، ١٧ ) ی خشتەی ژمارە (١).

فێرکەرەکان دەتوانن ڕۆڵی ستراتیژی کاریگەری لە سەر فێرخوازان زیاتر بکەن، بۆ ئەم مەبەستە لە دارشتنی پلانی خوێندی کۆرس و ساڵدا بە راوێژ و هاوکاری هەردوولایان پرۆگرامی خوێندن و فێرکردنی زمانی دووەم جێبەجێدەکەن، بۆیە ٤٠%ی فێرکەران وەڵامی ئەم پرسیارەیان بە بەڵێ بووە. بڕوانە پرسیاری(١٤) ی خشتەی ژمارە (٢).

ستراتیژی کۆمەڵایەتی٧

ستراتیژی کۆمەڵایەتی جەخت لەسەر تێکەڵبوونی فێرخواز دەکاتەوە، لە پاڵ هاندانی فێرخواز داوای لێدەکات نزیک و تێکەڵبێت لەگەڵ کەسانی تر، ئەویش بە مەبەستی ئاسانکردن و تێگەیشتن و فێربوونی زمانی دووەمە، ئەم ستراتیژە لەڕێگای یارمەتیدان و پرسیارکردن و داواکردنی ڕوونکردنەوە بەدیدێت. لەبەرئەوە زۆربەی لێکۆڵینەوەکان ئاماژە بەوەدەکەن، سۆزداری و نزیکی و خۆشەویستی گرنگی زۆری بۆ فێربوونی زمانی دووەم هەیە.

دەتوانیین بڵێین خاڵی گرنگ و دیار لە پلانی ئەم ستراتیژەدا بۆ فێربوونی زمانی دووەم مەرجی تێکەڵبوون و بەستنی پەیوەندی کۆمەڵایەتییە لە ئاستێکی باش و نزیکدا، بۆئەوەی فێرخواز هیچ لەمپەرێکی کۆمەڵایەتی نەبێتە ڕێگر، تا پرسیاربکات و داوای ڕوونکردنەوە و شرۆڤەی هەموو بابەتێک لە ژینگە کۆمەڵایەتییە لە بار و گونجاوەکەدا بە ئاسانی وەربگرێت و بکەوێتە بارێکی دەروونی و کۆمەڵایەتی، کە هاوشێوەی بارودۆخی زمانی یەکەم بێت .

ستراتیژی کۆمەڵایەتی لەسەر ئەم بنەمایانە دروستدەبێت و گەشەدەکات. دوجلاس براون(١٢٣: ١٩٩٤):

پرسیارکردن بەمەبەستی ڕوونکردنەوە و پشکنین: فێرخواز داوای دوبارەبوونەوەی بابەتەکە دەکات بە مەبەستی ڕوونکردنەوە و دوبارە دارشتنەوەی لەلایەن فێرکار، یان ئاخێوەری زمانی یەکەمەوە، ئەم جۆرە ستراتیژە فێرخوازی چالاک پشتی پێدەبەستێت، چونکە وادەردەکەوێت ئەم فێرخوازانە بە قووڵی ئارەزوومەندن بۆ تێگەیشتن لە یاسا ڕێزمانییەکانی زمانی دووەم.

کەواتە نزیک بوونەوەی کۆمەڵایەتی هەلێکی باش بۆ پرسیارکردن و دوبارەکردنەوی بابەتەکان دەرەخسێنێت. بە سودوەرگرتن لەم ستراتیژە فێرخوازان بۆ فێربوونی زمانێکی باش و پاراو لە سیستەم و دەستوری زمانی دووەم زیاتر پەنا بۆ ئەو فێرخوازانە دەبەن، کە زمانی دووەمیان لە زمانی خۆیان باشترە، یاخود خۆیان لەو کەسانە نزیک دەکەنەوە: کە زمانی یەکەمیان زمانی ئینگلیزییە، ئەم نزیکبوونەوانەش نیشانەی چالاکی و زیرەکی ئەو فێرخوازانە دەردەخات، کە شێلگیرانە بە دوای فێربوونی زمانی دووەمدا دەگەڕێن، بۆ ئەم مەبەستە لە وەڵامی پرسیاری (٢٥)دا زیاتر لە ٨٦% ی فێرخوازن ئەم ستراتیژە بەکاردەهێنن، لەو ڕێژە دیاریکراوەشدا زیاتر لە ٥٣% یان بە شێوەی هەمیشەیی پلانەکە جێ بەجێدە کەن. هەروەها بەشێک لە فێرخوازان بۆ دەستنیشانکردن و ڕاستکردنەوەی هەڵەکانیان، داوای یارمەتی و هاوکاری لەو کەسانە دەکەن، کە بە زمانێکی پاراوی ئینگلیزی ئاخافتن دەکەن، ئەویش نیشانەیەکی تری پەیوەندی کۆمەڵایەتیانە، بۆیە لە وەڵامی پرسیاری (٢٧)دا زیاتر لە ٩٣%ی فێرخوازن ئەم ستراتیژە بۆ بەرەودان و پێشخستنی زمانەکەیان بەکاردەهێنن.

بە بۆچوونی ئێمە ئەم پەیوەندی و نزیکبوونەوەی کۆمەڵایەتییە تەنیا لەسەر پەیوەندی ئاخاوتنی کەسی ڕانەوەستاوە، بەڵکو هۆکارەکانی تری فێربوونی زمانی دووەمیش هۆکاری سەرکی و گرنگن، وەکو لە وەڵامی پرسیاری (٢٦)دا ٩٠% ی فێرخوازن، زیاتر لە زمانی دایک بە زمانی دووەم( ئینگلیزی) پەرتووک

و ڕۆژنامە و کۆمێنت دەخوێننەوە، یان دەنوسن، یاخود گوێبیستی ڕادیۆ دەبن، یان تەمەشای بەرنامە و فیلیمی ئینگلیزی دەکەن. لەم ل ڕێژە دیاریکراوەشدا زیاتر لە ٣٦ % یان بە شێوەی هەمیشەیی ئەم هۆکاری نزیکبوونەوەیە بەکاردەهێنن. بڕوانە پرسیاری(٢٥ ، ٢٧ ،٢٦ ) ی خشتەی ژمارە (١).

هاریکاریکردن: بۆ فێربوونی زمانی دووەم، گەڕان و تێکەڵبوون لەگەڵ کەسانی تر بەمەبەستی فێربوون و چارەسەرکردنی گرفتی فێربوون گرنگە، چونکە( نزیکی پەیوەست و بەندە بە چالاکی هاریکاری لەگەڵ فێرخوازی زمانی دووەم، هەروەها لە پۆلدا دابەشکردنی فێرخوازان بەسەر کۆمەڵەی بچووک بچووک گرنک و پێویستە) ( Paul cyr (١٩٩٨ :٥٦ . لە لێکۆڵینەوەکانی (ئۆمڵی و شامۆت- O Malley، chamot-دا دەرکەوتووە، چالاکی هاریکاری هەلێکی باش بۆ ڕاهێنانی ئەرکی زمان دەرەخسێنێت) O'Malley، J & Chamot (١٩٩٠ : ١١٣)، A .

هاریکاریکردن لە نێوان فێرخوازان لە پۆلدا بەشێکی گرنگە بۆ فێربوونی زمانی دووەم، چونکە ئەوانەی ویستیانە فێری زمانی دووەم(ئینگلیزی)بین، ئەوا لە دەرەوەی ژینگەی زمانی دایک(ئینگلیزی)دان، بۆیە ئەم پەیوەندییە پێویستە و بۆ قەرەبوکردنەوەی ئەم بۆشای و کەموکرییە، ئەوا بەشێکیان پەنایان بۆ هاوکاری نێو پۆل بردووە، لە وەڵامی پرسیاری (٢٧)دا زیاتر لە ٩٣%ی فێرخوازن ئەم ستراتیژە بۆ یارمەتی وەرگرتن بەکاردەهێنن. هەروەها وەڵامی پرسیاری (٢٥)دا زیاتر لە ٨٦% ی فێرخوازن ئەم ستراتیژە بەکاردەهێنن. بەڵام لە بارودۆخێکی لەو جۆرەدا، واتە فێرخواز، ئەگەر لەدەرەوی ژینگەی زمانی دووەمدا بێت، ئەوا بە بۆچوونی ئێمە دەبێت بە شێوەیەکی گشتی گرنگی بەم لایەنە بدەن و ئاخافتن و هاوکارییەکانیان بۆ فێربوونی زمانی دووەم لە پۆلدا زیاتر بکەن، بۆئەم مەبەستە لە وەڵامی پرسیاری (٢٤)دا ٨٦,٦%ی فێرخوازان پەنای بۆ دەبەن لەو ڕێژەیەش تەنیا ٣٠،٣% یان بە هەمیشەیی زمانی دووەم لە پۆلدا بەکاردەهێن، واتە ڕێژیەک هەیە لە فێرخوازان، کە دەکاتە ١٣,٣% لە هیچ کاتێکدا بەکاریناهێنن. بڕوانە پرسیاری(٢٧ ،٢٥ ، ٢٤ ) ی خشتەی ژمارە (١).

کارپێکردنی سۆزداری و کەمکردنەوەی دڵەڕاوکێ: کات و ماوەی ئاخاوتن لەگەڵ خوددا و کەمکردنەوەی دڵەراوکێ دەستکەوتێکی چالاکی پەروەردەییە بۆ فێربوونی زمانی دووەم، وەکو ( وەڵامدانەوەی پرسیار، داواکردنی دەربڕینی زارەکی بۆ گرتەیەک، یان شیکارکردنی ڕاهێنان لەسەر تەختە، یان هەڵسان بەهەر ڕەفتارێک پاڵپشت بێت بۆ بڕوا بە خۆ بوون ، وەکو بوێری لە دەربڕین، هەست بە ترس نەکردن لەکاتی هەڵەکردن، یان بەشدارکردن لە وەڵامدانەوەی پرسیارەکان، جا ڕاست بێت یان هەڵە، ئەمانە هەمووی هۆکارن بۆ فێربوونی زمانی دووەم) (٥٨ :١٩٩٨) paul cyrp.

کەواتە بەتێوانینمان لە خشتەی ژمارە (١، ٢)دا، دەتوانیین ئاست و ڕێژەی بەکارهێنانی ئەم ستراتیژە بەم شێوەیە لێکبدەینەوە:

-کەمکردنەوەی دڵەراوکی و ئارام بەخشین بە خود: بەشێک لە فێرخوازان درک بەوە دەکەن لە کاتی ئاخاوتندا یان پرسیارکردن، یاخود وەڵامدانەوەدا دووچاری دڵەراوکێ و نا ئارمی دەروون دەبن، بەڵام بەرانبەر بەم بارودۆخە پلانیان هەیە و دەیانەوێت خۆیان کۆنترۆڵبکەن، بۆیە لە وەڵامی پرسیاری (١٨)دا زیاتر ٨٦.%ی فێرخوازان پەنای بۆ ئەم پلانە دەبەن. بڕوانە پرسیاری(١٨) ی خشتەی ژمارە (١).

-کات و ماوەی ئاخاوتن لەگەڵ خودا: بەشێکی هەرە زۆری فێرخوازان درک بەوە دەکەن، پێویستیان بە کات و ماوەی ئاخاوتن لەگەڵ خودا هەیە، بۆ ئەم مەبەستە تەنیا ٣,٣% ی فێرخوازان ئەم پلانە فەرامۆش دەکەن و بەکاریناهێنن. بڕوانە پرسیاری(٢٠) ی خشتەی ژمارە (١).

-وەڵامدانەوەی پرسیار: بەشێک لە فێرخوازان هێندە چالاک و زیرەک و وریان، ئەوان دەخوازن وەڵامی ئەو پرسیارنە بە نهێنی و بێ درکاندن بدەنەوە، ئەگەرچی ئاراستەی ئەوانش نەکرابێت، بۆیە هەرە زۆریان ئەم ستراتیژە دەکەنە دەرفەتێکی باش بۆ ئامادەبوونی باری دەروونی خۆیان وە چ جای وەکو ڕاهێنانێکی فێربوونش تێی دەڕوانن، بۆ ئەم مەبەستە تەنیا ٣,٣% ی فێرخوازان ئەم پلانە فەرامۆش دەکەن و بەکاریناهێنن. بڕوانە پرسیاری(٢٠) ی خشتەی ژمارە (١).

- بەلاوەنانی ترس و متمانە بەخۆکردن: بەشێکی زۆری فێرخوازان درک بەوە دەکەن شکاندنی ترس ڕێگای فێربوونی زمانیان بۆ ئاساندەکات و لە ئامانجی گەورەیان نزیک دەکاتەوە، بۆیە ئەگەر لە پرسیارێک، یاخود بابەتێک تێنەگەیشتن، ئەوا دوای دوبارەکردنەوەی بە بە زارەکی، یان نووسراو ، یاخود شیکردنەوەی دەکەن، هەروەها دوای یارمەتی لە هاوپۆل و دەوروبەرەکەیان دەخوازن، یاخود فێرخوازان خۆیان داوای یارمەتی لە خودی خۆیان دەکەن ئەویش بە راوەستان و پشوو وەرگرتن. بڕوانە پرسیاری(١٦ ، ١٧، ٢٢ ، ٢٣) ی خشتەی ژمارە (١).

ستراتیژی گەیاندن٨ (Strategies Communication) :

ئەم ستراتیژە بریتییە لە ئەنجامدانی کۆمەڵە کردەیەک، دەبێتە هۆی گەشەسەندنی توانای گەیاندنی فێرخواز بۆ زمانی دووەم. ستراتیژی گەیاندن بۆ بەردەوام بوون لە گفتوگۆکردندا یارمەتی فێرخواز دەدات، بەلای ئەم ستراتیژەوە گرنگ ئەوەیە فێرخواز توانای بەرهەم هێنانی هەبێت، ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت فێرخوازی زمانی دووەم بەهرەی خۆی دەردەخات، چونکە بەهرەکەی دیاریکراوە و هەوڵدەدات قەرەبوی ئەم زانیاریە کەمەی خۆی بکاتەوە، کە لەسەر وشەکانی زمانی دووەم هەیەتی.

لێکۆڵینەوەی ستراتیژی گەیاندن لە ساڵی هەشتاکان گەیشتە لووتەکەی بەکارهێنان، لەو کاتەدا ئەم جۆرە ستراتیژە بۆ فێربوونی زمانی دووەم سەرکەوتنی بەدەستهێنا، (ئەو لێکۆڵەرانەی ستراتیژی گەیاندیان بەکارهێنا، ئاماژەیان بەوەکرد کاریگەری لەسەر فێربوونی زمان هەیە)٩.

کەواتە دەتوانیین لە تێڕوانینی ئەو بۆ چوونەی سەروە لەمەر ستراتیژی گەیاندن، ئەوە بخەینەڕوو، ئەم ستراتیژە لە ئەنجامدانی کۆمەڵە کردەیەک هەنگاو بەرەو ئامانجی فێربوونی زمانی دووەم هەڵدەگرێت و لە ستراتیژێکی گشتگیردا هەموو کردە و هەنگاوەکان کۆدەکاتەوە ، کە هونەری وزە بەخشی فێرخوازە لە فێربوونی زمانی دووەمدا، کە فێرخواز بۆ پڕکردنەوەی ئەو کەموکوڕییەی لە فێربوونی زمانی دووەمدا هەیەتی، بەکاریدەهێنێت، فێرخواز ئەم هونەرەی لە وەڵامی پرسیاری( ١ ، ٢ ) خشتەی ژمارە (١)دا جێ بەجێدەکات، چونکە یەکەم هەنگاو بەخوێندنەوە و تێرامان و تێگەیشتن لە بابەتەکان دەستپێدەکەن، دواتر لە فەرهەنگدا بەدوای زانیاری ورد و چرتر دەگەڕێن. بڕوانە پرسیاری(١ ، ٢) ی خشتەی ژمارە (١).

خاڵێکی تری ستراتیژی گەیاندن، دەرخستنی توانای بەهرە و تێگەیشتنی فێرخوازە بۆ فێربوونی زمانی دووەم، چونکە فێرخواز توانا و بەهرەی خۆی لە پێوەری فێربوونی زمانی دووەمدا نمایش دەکات. بڕوانە پرسیاری(٣ ، ٦ ، ٧، ٨ ، ١٣ ، ٢٢ ، ٢٣ ، ٢٦، ٣٠) ی خشتەی ژمارە (١) و پرسیاری (٦)ی خشتەی ژمارە(٢).

چەند بۆچوونێک بۆ پێناسەی ستراتیژی گەیاندن دەخەینەڕوو :

کۆردەر(corder) دەڵێت: ستراتیژی گەیاندن بریتییە لە هونەری پرۆگرامی فێرخواز و ئاخێوەر، بەکاریدەهێنن بۆ دەربڕینی بیروبۆچوون کاتێک، کە ڕووبەڕووی ئاستەنگی دەبنەوە S. Pit ،Corder ( ٦٧: ١٩٨١)

بەدیدی ئێمە ئەم بۆچوونەی (کۆردەر) بۆ ئێستا باشترین ستراتیژە، ئەگەرلە فێربوونی زمانی دووەمدا بەکاربێت، چونکە پەیوەندی نێوان فێرکەر و فێرخوازی کورد بەیەکەوە گرێدەدات، لەبەر ئەوەی لە پۆلدا هونەری فێربوونی زمان تەنیا بە فێرکەر، یان بە فێرخوازەوە بەند نییە، بەڵکو هەردووکیان بەشدارن و دەتوانن لە پرۆسەی فێربووندا کەموکورتی و گرفتەکانی فێربوون بە هەمەلایەک تێپەڕێنن و بگەن بە ئامانجی فێربوونی زمانی دووەم.

ڕۆد و ئیلیس (Rod،Ellis ): ئاماژە بەوە دەکەن ستراتیژی گەیاندن هێمایەکە بۆ گەشەکردنی زمانی دووەم، کە فێرخواز لە قۆناغی گەشەکردنی زمانی دووەمدا بەکاریدەهێنێت. Ellis،( ٦١-٦٠ : ١٩٩٧) Rod

ئەم تێڕوانینەی (ڕۆد و ئیلیس) بۆ ستراتیژی فێربوونی زمانی دووەم، درکپێکردنی فێرخوازە لە تێپەراندی قۆناغی سەرەتای فێربوونی زمان، پێویستە لە و قۆناغە و لەو ئاستەدا پشت بە خۆی ببەستێت و ستراتیژی نوێ بۆ گەشەکردنی زمانی دووەمی تاقیبکاتەوە، ئەویش ستراتیژی گەیاندنە.

ئۆملّی و شامۆ O'Malley et chamot)) جەخت لەسەر گرنگی تایبەتی ستراتیژی گەیاندن دەکەنەوە و دەڵێن (( ستراتیژی گەیاندن تایبەتمەندی و گرنگی لە کاتی گفتوگۆکردن و واتای وشەکاندا هەیە، چونکە هیچ ڕۆنانێکی زمانی، یان یاسای کۆمەڵایەتی زمانی هاوبەش نییە لە نێوان فێرخوازی زمانی دووەم و ئاخێوەری زمانی دووەمدا، لەبەر ئەم هۆیە ستراتیژەکە بەندە بە بیستن و ئاخاوتنەوە O'Malley، J. & Chamot،A. (١٩٩٠: ٤٣)

ئۆملّی و شامۆ لە ستراتیژی گەیاندندا ئاماژەیان بە گفتۆگۆکرن و واتای وشەداوە، واتە ئەو ژینگە زمانییەی لەلای فێرخوازی زمانی دووەمدا هەیە، جیاوازە لەو ژینگە زمانییەی لای ئاخێوەری ڕەسەنی زمانەکە هەیە، ئەم بۆ چوونەش لە ژینگەی ناو پۆلی فێرخوازی کورد بۆ زمانی دووەم(ئینگلیزی)دا بە دیدەکرێت، چونکە هەندێک لە فێرخوازان، یاخود هەندێک کات فێرخوازان بە ڕۆنانی زمانی دایک، یان بە یاسا و ژینگەی کۆمەڵی کوردەواری ئاخاوتنی زمانی ئینگلیزی ئەنجام دەدەن. ئەم بارودۆخە ئەوە دەگەیەنێت فێربوونی زمانی دووەم تێگەیشتنە لە واتای وشە لە دەرەوی ژینگەی ڕەسەنی زمانی خۆیدا، واتە بە ڕێگای بیستن و ئاخاوتنی ناو پۆلەوە بەندە.

بە بیروبۆچوونی کاناڵ و سوین (canal.m and swain. M.) ستراتیژی گەیاندن پێکهاتەیەکە لە پێکهاتەکانی توانای گەیاندن، یان پێی دەوترێت توانای ستراتیژی، کە بریتییە لە کۆمەڵە ستراتیژێکی گەیاندنی درکاندن و بێ درکاندن بەهۆی گۆڕانکاری دەربرینی زمانی و کەموکورتی توانای زمانی، قەرەبوی ماندووبوونی گەیاندن دەکاتەوە. Canale،M. & Swain، M. (١٩٨٠ : ٤٦ )،

ئەم بیروبۆچوونەی (کاناڵ و سوین) لە گرتنەبەری ستراتیژی گەیاندن لەلای فێرخوازەوە بۆ فێربوونی زمانی دووەم، بە بۆچوونی ئێمە جۆرێک لە زیرەکی فێرخوازی زمانەکە دەردەخات، چونکە فێرخواز لەیەک کاتدا زیاتر لە پلانێک بۆ فێربوونی زمان بەکاردەهێنێت، ئەویش بە کارهێنانی ستراتیژی درکاندن و بێ درکاندنە، واتە ئەگەر فێرخواز لە کاتی ئاخاوتن و درکاندنی زمانی دووەمدا دووچاری کەموکوری زمانی، یاخود پچران و ماندووبوون و لە بیرچوون هات، ئەوا پەنا بۆ قەرەبوکردنەوەی ئەم بارانە دەبات ئەویش بە هەڵبژاردنی شتراتیژی بێ درکاندن دەبێت.

ستراتیژی گەیاندن پاڵپشتە بۆ قۆناغی نەخشە و پلاندانان، وەکو لە پێشنیارەکەی (کاسپر و فیرش)دا دەردەکەوێت، تێیدا چەند نموونەیەکی بەرهەمی ئاخاوتنیان خستەڕوو، کە قۆناغی نەخشە و پلاندانان لە خۆ دەگرێت، بۆیە بەکارهێنانی ستراتیژی گەیاندن گرنگە، ئەگەر هاتوو فێرخواز لە پلانی سەرەتای فێربووندا ڕووبەڕووی گرفت بووەوە). Ellis،(١٩٩٧:٦٠) Rod

پێشنیارەکەی (کاسپر و فیرش) بۆ ستراتیژی فێربوونی زمانی دووەم پێچەوانەی تێروانینی (ڕۆد و ئیلیس)ە ، چونکە پێشنیارەکەی (کاسپر و فیرش) بۆ ڕووبەڕوو بوونەوە سەرەتای گرفتە لە فێربوونی زمانی دووەمدا، واتە بەکارهێنای ستراتیژی گەیاندن یەکەم ستراتیژە، کە فێرخواز دەیگرێتەبەر.

کەواتە دەکرێت بڵێین ستراتیژی گەیاندن بەیەکێک لە قۆناغەکانی پێشکەوتنی فێربوونی زمانی دووەمی فێرخواز دادەنرێت، کە فێرخواز پشت بە توانای زمانی خۆی دەبەستێت و ستراتیژی نوێ تاقیدەکاتەوە، فێرخواز کار بۆ ئەوە دەکات لە ژینگەی ناو پۆلدا هونەر و پلانی ئامانجەکانی باشتر فێربوونی زمانی دووەمی بخاتەگڕ وەکو( دوبارەکردنەوە و نواندن و زیادکردنی وشە و بەکارهێنانی هێما و وشەی هاوواتا، گواستنەوە و گۆڕینەوە، خەملاندن و هەڵبژاردنی بابەت بۆ گفتوگۆ، بەکارهێنانی ڕستەی سادە و زیاتر لە ڕستەی سادە، داواکردنی ڕوونکردنەوە)، هەروەها فێرخواز بایەخ بە ستراتیژ و ڕێنماییەکانی فێرکەر و بوونی پەیوەندی هاوبەشی نێوانیان لە پۆلدا دەدات.

بۆ راڤەکردنی گرنگی ستراتیژی گەیاندن لەلایەن فێرخوازانەوە، هەر یەک لەو بۆچوونانەی پێشتر بە سەرنج و وەڵامی پرسیارەکان و چۆنیەتی و چەندێتی بەکارهێنان و بەلاوەنانی ستراتژەکە دەخەینەڕوو:

- کۆردەر(corder) ستراتیژی گەیاندن لە هونەری پرۆگرامی فێرخواز و ئاخێوەر دەبینێت و بەکاریدەهێنن، بۆ ئەم بۆئەم مەبەستە لە وەڵامی پرسیاری (٢٥)دا زیاتر ٨٦.%ی فێرخوازان پەنای بۆ دەبەن لەو ڕێژەیەش٥٣%یان بە هەمیشەیی پشت بەئاخاوتنی دوولایەنە دەبەستن و بەکاریدەهێنن. بڕوانە پرسیاری(٢٥) ی خشتەی ژمارە (١).

- رۆد و ئیلیس (Rod،Ellis ) له ڕوانگەی گەشەی ڕۆشنبیری و کەلتوری فێرخوازانەوە دەڕواننە ئەم ستراتیژە، چونکە فێرخواز لەم قۆناغەی فێربوون و بەکارهێنانی زمانی دووەمدا، ڕۆشنبیری و کەلتوری هەنگاوی باشی بریوە و فێرخواز زانیاری کۆن و نوێی بەیکەوە دەبستێتەوە، تا ستراتیژێکی گەورەتر بگرێتەبەر، بۆئەم مەبەستە لە وەڵامی پرسیاری (١٢)دا زیاتر ٨٦.%ی فێرخوازان ئەم بۆچوونەی رۆد و ئیلیس دەکەنە پلانی فێربوونی زمانی دووەم. بڕوانە پرسیاری(١٢) ی خشتەی ژمارە (١).

- ئۆمڵی و شامۆ لە ستراتیژی گەیاندندا گرنگی بە پلانی فێربوونی زمانی دووەم دەدن، بەلای ئەوانەوە ستراتیژی گەیاندن پەیوەستە بە بیستن و گەیاندنەوە، بۆئەم مەبەستە وەڵامی پرسیاری (١ ، ٢)، بە تایبەت (٣ ، ٤ ، ٥)ی فێرخوازان بەدەرخەری بۆچوونەکەی (ئۆمڵی و شامۆ)ن. بڕوانە پرسیاری( ١، ٢، ٣ ، ٤ ، ٥) ی خشتەی ژمارە (١).

- بیروبۆچوونی کاناڵ و سوین ستراتیژی گەیاندن لەلایەن فێرخوازانەوە بەدەردەخات و بە هۆکارێکی پڕکردنەوە و قەرەبوکردنەوەی کەموکوڕیان دەیخەملێنن، چونکە لەم ستراتیژەدا زیاتر لە ڕێگایەک بۆ فێربوونی زمانی دووەم بەکاردێت، بەتایبەتی ئاخاوتنی بەدرکاندن و بێ درکاندن لەخۆ دەگرێت، هەر کاتێک فێرخواز بیەوێت کام لەم دوو جۆرەی ئاخاوتن بگرێتەبەر وەکو پلانێکی فێربوون هەژماردەکرێت، بۆ گەیاندنی جۆری بێ درکاندن، ئەوا بەشێک لە فێرخوازان بە وەڵامی پرسیاری (٢٠ ) دەستەبەری ئەم جۆرەی درکاندن دەکەن، بە پێچەوانەوەش کاتێک فێرخواز دەیەوێت ئاخاوتن بەدرکاندن بکات ئەوە وەڵامی پرسیاری ( ٥ ) پلانەکە دەخانە جێ بەجێکردنەوە. بڕوانە پرسیاری(٥) ی خشتەی ژمارە (١).

ستراتیژی فێرکردن( Teaching Strategies )

ستراتیژی فێرکردن پەیوەستە بە فێرکردنەوە، بەڵام لەڕاستیدا لە فێربووندا بەشدارە، لەبەر ئەوەی زۆر لە فێرخوازی زمانی دووەم دەکرێت، ستراتیژییەتی فێرکردن بەکاربهێنن.

ئەم جۆرە ستراتیژە بەلای مارتون (Marton)وە گرنگە و بایەخی پێداوە، بۆیە پێناسەی ستراتیژی فێرکردن دەکات و دەڵێت: (( بریتییە لە کۆمەڵەیەکی گشتی لە لێپێچینەوەکانی پێداگۆکی ( ١٠) Pedagogy ، ئەم ستراتیژە ڕێگای فێرکردنی دیاریکراو بە شێوەیەکی ڕاستەوخۆ دەچەسپێنێتە سەر فێرخواز، دەبێتە هۆی گەشە و توانای بۆ زمانی دووەم )). ( ٣ : ١٩٨٨) Marton . W.

ئەم تێروانینەی (مارتون) بۆ ستراتیژی فێرکردن هەمان وەڵامی پرسیاری (١٤) خشتەی ژمارە( ٢)مان دەداتەوە، بە ڕێژەی١٠%یە، کە ئاماژە بە شێواز و پلانی فێرکار دەدات، بۆئەوەی بە ئامانجی فێربوون بگات، خودی فێرکەر ڕێگا فێربوون هەڵدەبژێرێت، تاوەکو لەگەڵ ژینگە و سروشتی فێرخوازدا بگونجێت، ستراتیژی فێرکردن جیاوازی ئەوتۆی لەگەڵ ستراتیژی فێربووندا نییە، لەهەمان کاتدا دەبێت شوێنی بگرێتەوە، ئەگەرنا فێربوون ڕوونادات. بڕوانە پرسیاری (١٤) خشتەی ژمارە( ٢).

مارتون ئەم ستراتیژە بۆ چوار جۆر دابەشدەکات ، کە بریتین لە:

ستراتیژی پێشوازی:

ستراتیژی پێشوازی، لە ستراتیژی فێرکردنەوە دێتەئاراوە، (مەبەست لێی چارەسەرکردنی زانیاری ناوەکی و بەرهەمهێنانێتی بە شێوەیەکی بێدەنگی، واتە بە بێ دەربڕین لە زمانی دووەمدا) Marton . W. ( ٣ : ١٩٨٨) . کەواتە لەم جۆرە ستراتیژەدا فێرکەر ئامانجێتی هێزی ناوەکی و شاراوەی فێرخواز بجولێنێت، بۆئەوەی فێرخواز لە زمانی دووەمدا بە بەرهەم بهێنێت، لە وەڵامی پرسیاری (٢٠)دا ئەم هێزە شاراوەی فێرخواز بەدەردەکەوێت. بڕوانە پرسیاری (٢٠) خشتەی ژمارە( ١).

بە تێگەشتنی ئێمە لە ستراتیژی پێشوازیدا هیچ ماوەیەک بۆ فێربوون دیارینەکراوە، بەڵام فێرخواز بە بەردەوامی دەیەوێت زوو بەزوو و بەخێرایی پەیوەندی و دەربڕین لەزمانی دووەمدا دروستبکات. لەم ستراتیژەدا فێرخواز ئامادەی ئەوە نیشاندەدات، وەکو چۆن منداڵ لە فێربوونی زمانی دایکدا بەخێرایی و بە پەلە دەیەوێت قۆناغی بێ درکاندن تێپەڕێنێت و بە قۆناغی زمان درکاندن بگات ، بە هەمان شێوەش ئەو ئارەزووە لەلای فێرخوازی زمانی دووەمدا هەیە.

ب.ستراتیژی گەیاندن:

ئەم ستراتیژە پەرە بە ستراتیژی فێرکردن دەدات. (دەتوانیین بڵێین دەستپێکی گەیاندنی زمانی دووەمە) .Marton . W. ( ١٩٨٨ : ٣ )

تێروانینی مارتۆن لە ستراتیژی گەیاندندا ئەوەمان بۆ دەردەخات ئەم ستراتیژە بەلای مارتۆنەوە وەکو کرداری فێربوونی زمانی یەکەمە و فێربوونێکی هەرەمەکییە بۆ زمانی دووەم، بەڵام بە بۆچوونی ئێمە مارتۆن درکی بە جیاوازی فێربوونی زمانی یەکەم و دووەم نەکردووە، ئەگەر زمانی یەکەم هەرەمەکی و بێ ئاگایانە ڕوویدات، ئەوا فێربوونی زمانی دووەم بە پلان و ستراتیژی ناو پۆل بە ئاگاییەوە ڕوودەدات.

ستراتیژەکە بۆ ڕێگای وانەوتنەوە ڕۆڵێکی باڵای هەیە، چونکە وا لە فێرخوازی زمانی دووەم دەکات هاوشێوەی ئەو ڕێگایەبێت، کەمنداڵ لە کاتی فێربوونی زمانی یەکەمدا بەکاریدەهێنێت. بەم شێوەیە فێرخواز کۆزانیاری و میتازمانی بۆ نارەخسێت لە زمانی دووەمدا، بەڵکو ڕێرەوی لاسایکردنەوەی زمانی یەکەم دەگرێتەبەر و لەکاتی فێربوونی زمانی دووەمدا ڕاهێنانی لە سەردەکات، بۆ ئەم مەبەستە لە وەڵامی پرساری (١٠ )دا ٧٠%ی فێرخوازان سیستەمی زمانی دایک بەکاریگەی لەسەر زمانی دووەمیان دادەنێن و بەکاریدەهێنن، بە جۆرێک ڕێژەی ٢٦,٧% یان بەهەمیشەیی ئەم کاریگەرییە لەلایان بەرجەستە دەبێت. بڕوانە پرسیاری (١٠) خشتەی ژمارە( ١).

ستراتیژی دوبارە دروستکردنەوە:

ئەم جۆرە جەخت لەسەر ستراتیژی فێربوونی جیاواز دەکات، ئامانجی گەشەپێدانی توانای فێرخوازە بۆ زمانی دووەم. (دوبارە دروستکردنەوە چالاکییەکە زۆربەی کات پشت دەبەستێت بە تێکست(دەق)ی زمانی یەکەم(دایک) ،جا نووسراوبێت، یان زارەکی بێت. واتە فێرخواز زیاتر لە ستراتیژێک بۆ فێربوونی زمانی دووەم دەگرێتە بەر، ئەم جۆرە ستراتیژە زیاتر لە لای ئەو فێرخوازانە بەدیدەکرێت، کە ئاستی تێگەیشتنیان بۆ زمانی دووەم لە قۆناغێکی باشدا نییە .فێرکەرش، کە هاوزمانی فێرخوازە یارمەتیدەرێتی بۆ چالاکبوونەوەی بە زمانی یەکەم ). Chall،(٩١ : ١٩٨٣) J. S. .

بۆچوونەکەی(چاڵ) لە وەڵامی پرساری (١)ی فێرکەراندا بەدەردەکەوێت، کە فێرخواز بۆ چالاکبوونەوەی پەنا بۆ زمانی یەکەمی دەبات و کاریگەری لەسەر زمانی دووەمی هەیە، بۆ ئەم مەبستەش فێرکەرەکانیان دەڵێن ئەم کاریگەرییە بە ڕێژەی ١٠٠% ، لەم ڕێژەیەدا ٣٠% یان تەوژمی زۆری زمانی دایکیان کاریگەری لەسەر لە فێربوون و بەکارهێنانی ڕێزمان و ئاخاوتن و درکاندنی زمانی دوەەم(ئینگلیزی) یان کردووە. لە وەڵامی پرساری (٢)دا فێرکەران ئاماژە بەوەدەکەن بە هەمیشەیی، یان بەزۆری لە پۆلدا زمانی دووەم بۆ وانەوتنەوەی بابەتەکان و ئاخاوتن لەگەڵ فێرخوازاندا بەکاردەهێنن، واتە بۆچوونەکەی(چاڵ) بۆ ئەم ستراتیژە لە قۆناغی دووەمی بەشی زمانی ئینگلیزی بە دروستی پیادەدەکرێت، چونکە زیاتر لە ستراتیژێک بۆ فێربوونی زمانی دووەم بەکاردێت. هەروەها لە وەڵامی پرساری (٤)دا بەشێک لە فێرکەرەکان، فێرخوازان بە ژینگەی ناو پۆلەوە پەیوەستدەکەن، ئەم پەیوەستبوونەش واتای وەڵامی پرساری( ٢، ٣ ، ٨) دەگەیەنێت. بڕوانە پرسیاری (١ ، ٢ ، ٣، ٨)ی خشتەی ژمارە( ٢).

لەلایەکی ترەوە فێرخواز ژینگەی پاشخانی ڕۆشنبیری و کۆمەڵایەتی زمانی یەکەم (دایک)ی بۆ فێربوونی زمانی دووەم بەکاردەهێنێت، جا ئەو پاشخانە بۆ چالاکبوونەوەی بێت بە خوێندنەوەی تێکست یان بەکارهێنای فەرهەنگ، یاخود هەر جۆرێکی تربێت. بڕوانە پرسیاری (١ ، ٢)ی خشتەی ژمارە( ١).

ستراتیژی هەڵبژاردن:

فێرکار لە چەند سەرچاوەیەکەوە دەستدەکات بە هەڵبژاردنی چەند ستراتیژێک، کە لەگەڵ بارودۆخی فێرکردندا بگونجێت، (ئەم هەڵبژاردنەش لەوانەیە ئەرێنی و نەرێنی لە خۆبگرێت، چونکە ستراتیژەکان لەسەر بنەمای بیر و متمانەی تەواو دروستنەبووە) ( ٤ : ١٩٨٨ ) .Marton . W.

بۆچوونی مارتۆن لە بارەی ستراتیژی هەڵبژاردن لە وەڵامی پرساری (٩)دا ئەوەمان بۆ دەردەکەوێت فێرکەرەکان لە هەڵبژاردنی پلان و هۆکارەکانی فێربوونی زمانی دووەمدا جیاوازن و چەند هۆکارێکی دیاریکراو بۆ جێ بەجێکردنی شتراتیژەکەیان دەگرنەبەر. هەروها لە وەڵامی پرساری ()دا هەندێک لە

فێرکەرەکان پێیان وایە پەلەکردن وخێرایی بەدیدەکەیت لەکاتی پێشکەشکردنی بابەت، بەمەبەستی کۆتایی هێنان بە ستراتیژ و پرۆگرامی خوێندنی دیاریکراو، ئەمیش واتای ئەوە دەگەیەنێت دەشێت ئەو هەڵبژاردنە لەوانەیە ئەرێنی و نەرێنی لە خۆبگرێت. لە دیوێکی ترەوە هەڵبژاردنی ستراتیژی جۆراوجۆر گرنگی و بایەخ بۆ زمانی دووەم زیاد دەکات، لەبەرئەوەی فێرخواز بە تەنیا نەخشەیەکی فێربوونەوە پەیوەست ناکات، بەمەش خۆشەویستی و ئارەزووی فێرخواز بۆ فێربوونی زمانی دووەم پەلکێش دەکات، لە وەڵامی پرسیاری(٧)دا فێرکەر لەگەڵ فێرخوازاندا بە بابەتی کۆندا دەچنەوە و بە بابەتی نوێی دەبەستنەوە، واتە ئەم ستراتیژە نزیکبوونەوە و کۆکردنەوەی بیری هەر دوولا بەیەکەوە دەوڵەمەند دەکات وە دەشبێتە هۆکارێک بۆ تێگەیشتنی زیاتری فێرخواز،چونکە دوبارەکردنەوەی بابەت وەڵامی پرسیاری(٥)ی خشتەی ژمارە(١) لەخۆ دەگرێت. ئەم ستراتیژە وەڵامی پرسیاری(١)ی خشتەی ژمارە(١) و وەڵامی پرسیاری(١١)ی خشتەی ژمارە(٢) لە ڕێژەی بەرزدا لەیەکتر نزیکدەکاتەوە، چونکە لە وەڵامی پرسیاری(١)ی خشتەی ژمارە(١)دا فێرخواز تێکستێکی ئینگلیزی یەکەم جار بە خێرای دەیخوێنیتەوە، پاشان بەمەبەستی تێگەیشتن دوبارەی دەکاتەوە، زیاتر ٨٦% فێرخوازان ئەم ستراتیژە پەیرە ودەکەن، کە زیاتر٣٦%یان بە هەمیشەیی بەکاریدەهێنن، هەروەها لە وەڵامی پرسیاری(١١)ی خشتەی ژمارە(٢)دا فێرکەران بە ڕێژەی٤٠% تێکستەوە بەرەو ئاستەکانی زمان دەستپێدەکەن.

بڕوانە پرسیاری (١ ،٩ ، ٥)ی خشتەی ژمارە( ١).

ستراتیژی هەڵبژێردراو لە سەرەتای وەرگرتنی فێرخوازان دەستپێدەکات و ستراتیژێکی گونجاو و لەبارە بۆ فێربوونی زمانی دووەم، لەبەرئەوەی لە وەڵامی پرسیاری(٦)ی خشتەی ژمارە(٢)دا فێرکەران ئەوە دەخەنەڕوو ٩٠%ی فێرخوازان بە ویست و ئارەزووی خۆیان زمانی دووەم دەخوێنن و لەو بەشە وەرگیراون، واتە ئەم هەڵبژاردەیەی فێرخوازان پلان و ستراتیژی فێرکەرەکان باشتردەکات و بەرەو ئامانجی ڕاستەوخۆی فێرکردن دەیانبات، هەڵبژاردنی پلانێکی بە ئارەزووی فێرخوازان ئاکامێکی باشی لە وەڵامی پرسیاری(٦)ی خشتەی ژمارە(٢)دا لێدەکەوێتەوە، لەم ڕوانگەیەوە فێرخوازان کۆمەک و یارمەتی لە کۆزانیاری زمانی( Knowledge )زمانی دووەم کۆدەکەنەوە، تا لە فێربوونی زمانی دووەمدا بەکاریبهێنن، لە وەڵامی پرسیاری(٣٠)ی خشتەی ژمارە(١)دا نزیکەی ٩٧% یان کۆزانیاری زمانی زمانی دووەم لە دەربڕینی ئاخاوتن و دروستکردنی ڕستەدا بەکاردەهێنین. بڕوانە پرسیاری(٦)ی خشتەی ژمارە(٢)و پرسیاری(٣٠)ی خشتەی ژمارە(١). بە بۆچوونی ئێمە بەشێک لە فێرکەرەکانی فێرکردنی زمانی دووەم، لە هەڵبژاردنی ستراتیژدا جۆریک لە فەرامۆشی لە بەشێکی گرنگی فێرکردنی زماندا بەیدەکەین،ئەویش بریتییە لە لە فێرکردنی شێوازی زارەکی و ڕێزمان، کە دوو بنەمای گرنگی پرۆسەکەن، لە وەڵامی پرسیاری(١٥) فێرکەرەکانەوە ئەو بۆچوونەمان ڕاستدەکەینەوە، چونکە ٢٠%ی فێرکەران ئەم لایەنەی فێرکردنیان بەهەند وەرنەگرتووە. بڕوانە پرسیاری(١٥)ی خشتەی ژمارە(٢).

لێرەدا ئەکرێت بڵێین ستراتیژی فێرکردن بەگشتی بریتییە لە پلانێکی دارێژراو لە لایان فێرکەرەکانەوە بۆ فێرخوازی زمانی دووەم ئاڕاستە دەکرێت، ئامانجی سەرەکی فێربوونی زمانی دووەمە، ئەم ستراتیژە لە سەر شێوەی پلاندانان بۆ فێرکردنی زمانی دووەم پشت بە جۆرەکانی ستراتیژی فێرکرن دەبەستێت. ستراتیژەکە چەند لێپرسینەوەیەکی ڕاهێنانییە فێرکار بەکاریدەهێنێت بۆ پێشخستنی زمان بەشێوەیەک توانای فێربوونی هەبێت. ستراتیژی فێرکردن فێرخواز فێردەکات چۆن فێرببێت چۆن بە بیری بێتەوە و چۆن بیربکاتەوە، لە ئەنجامی ئەمانەدا دەردەکەوێت فێرکار ڕۆڵی باڵای بۆ ئاسانکردنی فێربوونی زمانی دووەم هەیە، چونکە فێرکار هەموو توانای خۆی دەخاتەگڕ بۆ دۆزینەوەی ڕێگایەک سەربای پلانی فێرکەر، تا وا بکات فێرخواز سەربەخۆی خۆی لەکاتی فێربووندا بدۆزێتەوە.

جیاوازی نێوان ستراتیژی فێربوون و فێرکردن :

لە ئەنجامی خستنەڕووی جۆرەکانی ستراتیژیدا پێویستە ئاماژە بە جیاوازی نێوان ستراتیژی فێربوون و فێرکردن بکەین، کە ستراتیژی فێرکردن جەخت لەسەر ڕۆڵی فێرکار دەکاتەوە، چونکە ڕۆڵی کرداری فێرکردن دەگێرێت، بەڵام لە ستراتیژی فێربووندا فێرخواز ڕۆڵی باڵای هەیە، فێرکار تەنیا ئاسانکاریدەکات، بۆنموونە فێربوونی کارلێکردن پشت بە شێوازی کارلێکردن لە نێوان فێرخواز و فێرکار و بابەتی زانستی

دەبەستێت، ئەمیش ڕێگای فێرکردنی هاریکاری دەگرێتەبەر، کە تێیدا فێرخواز دابەشی سەر چەند کۆمەڵەیەکی بچووک دەکرێت و بیر و بۆچوون ئاڵوگۆڕ دەکەن، هەر فێرخوازێک هەست دەکات لێپسراوە لەسەر فێربوون و فێرکردنی کەسی بەرامبەری وە فێرکار تەنیا ڕۆڵی ئاسانکاری و چاودێریکردن دەگێرێت.

فۆرمی ڕاپرسی

وەڵامدانەوەی پرسیارەکانی ناوەڕۆکی خشتەکە بۆ لێکۆڵینەوە و هەڵسەنگاندنی ئاستی فێربوونی فێرخوازانی زمانی دووەم(زمانی ئینگلیزی)ە، لە توێژینەوەی تێزی دکتۆرادا بە ناونیشانی(ستراتیژە کۆزمانەوانییەکان لە فێربوونی زمانی دووەمدا)یە.

خوێندکار: ئاسۆ عبدالرحمن کریم سەرپەرشت: پ.ی.د.شاخەوان جەلال حاجی فەرەج

زانکۆی سلێمانی – کۆلیژی زمان - بەشی کوردی

ناوی سیانی و پلەی زانستی وردبینی فۆرم :

واژو / / ٢٠١٨

ناوی سیانی و پلەی زانستی وردبینی فۆرم :

واژو / / ٢٠١٨

ناوی سیانی و پلەی زانستی وردبینی فۆرم :

واژو / / ٢٠١٨

خشتەی ژمارە(١)

وەرگرتنی وەڵامی ئەنجامی ڕاپرسی خشتەی ژمارە(١) لەسەر بنەمای ڕاپرسی هەرەمەکی سەبەتەبە بووە، واتە کۆی گشتی ژمارەی فێرخوازان (٦٢) فێرخوازبوو لە قۆناغی دووەمی بەشی زمانی ئینگلیزی- کۆلیژی پەروەردە لە زانکۆی یەڵاحەددین، لەو (٦٢) فێرخوازە بەشێوەی هەرەمەکی (٣٠) فێرخوازی ڕەگەزی نێر و ڕەگەزی مێ وەرگیراون، کە تەمەنیان لە نێوان ( ١٩-٢٢) ساڵدایە، دواتر ئەو(٣٠) فێرخوازە دابەشی دوو گرووپی جیا لە (١٥) فێرخوازی ڕەگەزی نێر و (١٥) فێرخوازی ڕەگەزی مێ کراوە.

بنەمای زانستی بۆ دۆزینەوەی ریزبەندی داتاکان لە خشتەی ژمارە(١)دا ڕێباز(میتۆد)ی (RII)ی کۆمێتا (Kometa)بەکارهێنراوە، ئەم ڕێبازە لە لێکۆڵینەوەکانی سامباسیڤان و سوون( Sambasivan and Soon) (بەکارهاتووە، واتە (١٩٩٤) Kometa et al. (٢٠٠٧) and Sambasivan and Soon

یاسای ڕێبازەکەمان لە سەر داتای لێکۆڵینەوەکەمان بەم جۆرە دارشتووە

...............

هەڵبژاردنی ستراتیژی وەڵامەکانی فێرخوازە لە ( ١ -٣ )دایە، کە بەرزترین ژمارە(٣)یە.

٢- A ژمارەی خانەکانە، کە بریتین لە سێ(٣) خانە.

٣- N کۆی گشتی پرسیارەکانە بریتین لە سی (٣٠) پرسیار

بۆ دۆزینەوەی ڕێژەی سەدی(%) پرسیارەکانی خشتەی ژمارە (١)، پرۆگرامی ( Social Sciences (SPSS) program - بەکارهێنراوە.

بۆ ئەوەی خاڵی جیاواز و هاوبەشی نێوان ئەو دوو گرووپە بەرێژەیی بخەینەڕوو ، پێوەری هەڵبژاردنی ڕێژەی ( ٠% ) مان وەرگرتووە. ئەوەی لە ئەنجامی جیاوازی وەڵامی هەردوو ڕەگەز لە دوو گرووپەکەدا بەدیمانکرد، جگە لە وەڵامی پرسیاری (١٤، ٢٣) کە هەردوو ڕەگەز (٠ %) یان بۆ وەڵامی هیچ داناوە، واتە هاوبۆچوونن.

بەڵام ڕێژەی ڕەگەزی مێ لە وەڵامی پرسیاری ( ٧ ، ٩ ، ١١ ، ١٢ ، ١٣ ، ١٦ ، ١٧ ، ١٩ ، ٢٠ ، ٢٢ ، ٣٠)دا، کە دەکاتە (١١) پرسیار لە وەڵامدا (٠ %)یان بۆ هیچ کاتێک داناوە، بەرانبەر بەوە تەنیا ڕەگەزی نێر لە وەڵامی پرسیاری (٢٤) لە خانەی هەمیشەدا ( ٠% )یان داناوە. ئەم جیاوازییە ئەوەمان بۆ ڕووندەکاتەوە، کە فێرخوازانی ڕەگەزی مێ لە دارشتنی پلانی ستراتیژیدا بۆ فێربوونی زمانی دووەم زیاتر متمانەیان بە خۆیانە و بۆ گەیشتن بە ئامانجی فێربوون ورد و چڕتر بیردەکەنەوە.

ئەم فۆرمە تایبەتە بە فێرخواز :

تەمەن (  ) ساڵ ڕەگەز نێر ( ) مێ ( )

بەشی زمانی ئینگلیزی قۆناغ ( دوو ) کۆلیژی ( پەروەردە ) زانکۆی سەڵاحەددین

خشتەی ژمارە یەک ( ١ )

ژ پرسیار هەمیشە هەندێک جار (کات) هیچ کات

١-ئایا کاتێک تێکستێکی ئینگلیزی دەخوێنیتەوە، یەکەم جار بە خێرای دەیخوێنیتەوە، پاشان بەمەبەستی تێگەیشتن دوبارەی دەکەیتەوە ؟

%٣٦,٧

%٥٠,٠

%١٣,٣

٢-ئایا کاتێک تێکستێکی ئینگلیزی دەخوێنیتەوە، هەوڵدەدەی بیرۆکەی گشتی تێبگەیت، دواتر لە فەرهەنگدا بە دوای ئەو وشانەدا دەگەڕێیت، کە واتاکەی نازانیت ؟

٥٦,٧%

٣٣,٣%

١٠,٠%

٣-ئایا وشە نوێیەکان بۆ ئەوی لە یادگەی ماوە درێژدا بمێنەوە، لە تێنووسی تایبەتدا تۆماریدەکەی؟

٢٣,٣%

٤٣,٣%

٣٣,٣%

٤-ئایا کاتێک واتای وشە لە فەرهەنگدا دەدۆزییەوە، نموونەشی لەسەر دەخوێنی

٢٠,٠%

٦٦,٧%

١٣,٣%

٥ ئایاکاتێک فێری وشە، یان دەربرینێکی نوێ دەبیت، هەوڵدەدەی بە دەنگی بەرز دوبارەی بکەیتەوە؟

٣٧,٩%

٤١,٤%

٢٠,٧%

٦ ئایا کاتێک واتای وشەیەک نازانی، یان لە بیرت دەچێتەوە، هەوڵدەدەی لە زمانی یەکەم(دایک)دا وەریبگریت ؟

٤٣,٣%

٤٦,٧%

١٠,٠%

٧ ئایا وشە نوێیەکان لە ڕستەدا بەکاردەهێنیت بە مەبەستی لە بیرنەکردنیان؟

٢٣,٣%

٦٦,٧%

١٠,٠%

٨ ئایا کاتێک ناتوانی واتای وشەیەک، یان بەکارهێنانی وشەیەک لە دەوروبەر(سیاق)ی ڕستەدا بەکاربهێنیت، هەوڵدەدەی وشەیەک نزیک لە واتای ئەو وشەیە بەکاربهێنیت؟

٣٣,٣%

٦٠,٠%

٦,٧%

٩ ئایا واتای وشەکان بە هۆی دەورەبەر(سیاق)ەوە تێدەگەی؟

٣٣,٣%

٦٣,٣%

٣,٣%

١٠-ئایا سیستەمی ڕێزمانی زمانی یەکەم( دایک)کاریگەری لەسەر سیستەمی ڕێزمانی زمانی دووەمت هەیە؟

٢٦,٧ %

٤٣,٣%

٣٠,٠%

١١ ئایا لە ژینگەی ناو پۆلدا فێری زمانی دووەم دەبیت؟

٢٦,٧%

٥٣,٣%

٢٠,٠%

١٢ ئایا ژینگەی پاشخان(بارگراوندن)ی ڕۆشنبیری و کۆمەڵایەتی زمانی یەکەمت(دایک) بۆ فێربوونی زمانی دووەم بەکاردەهێنیت ؟

١٦,٧%

٧٠,٠%

١٣,٣%

١٣ ئایا زانیاری نوێ و کۆن(پێشتر)ی زمانی دووەمت بە یەکتر دەبەستییەوە بۆ باشتر فێربوونی زمانەکە؟

٤٠,٠%

٥٠,٠%

١٠,٠%

١٤ ئایا بە سانایی لە واتای وشە و ڕستەکان دەگەیت، یان بۆ تێگەیشتن لە دەوروبەر(سیاق)دا بەکاریان دەهێنیت؟

٣٣,٣%

٦٦,٧%

٠%

١٥ ئەگەرچی لە زمانی ئینگلیزیدا هەڵەش بکەیت، بە متمانە و بێ سڵکردنەوە هەوڵدەدەی بەکاریبهێنت ؟

٦٠,٠%

٢٦,٧%

١٣,٣ %

١٦ ئایا کاتێک ناتوانی دەربڕینێک دەرببڕی، داوای یارمەتی لە دەوروبەرەکەت دەکەیت؟

٤٦,٧%

٥٠,٠%

٣,٣%

١٧ ئایا کاتێک وەڵامی پرسارێک نازانی، رادەوەستیت و هەڵوێستەیەک دەکەیت بۆ ئەوەی بیربکەیتەوە، تا وەڵام بە دەستبخەیت؟

٦٣,٣%

٣٠,٠%

٦,٧%

١٨ ئایا لە ئاخاوتن(قسەکردن)ی زمانی ئینگلیزیدا، پشوو وەردەگری لە کاتی هەستکردن بەشەرم و دڵەڕاوکێدا؟

٢٦,٧%

٦٠,٠%

١٣,٣%

١٩ ئایا لە ئاخاوتندا، کاتێک دووچاری پچڕان، یان لە بیرچوونەوە دەبیت، هەوڵدەدەیت ئەو وشەیە دوبارەبکەیتەوە، تا وشەی دواترت بۆ دروستدەبێت؟

٤٠,٠%

٥٣,٣%

٦,٧%

٢٠ له ناخی خۆتدا وەڵامی ئەوپرسیارانەی فێرکەر(مامۆستا) دەدەیتەوە، ئەگەر چی لە تۆشی نەکردبێت؟

٥٦,٧%

٤٠,٠%

٣,٣%

٢١ چاودێری و هەڵسەنگاندن بۆ ئاستی فێربوونی خودی خۆت دەکەی؟

٣٦,٧%

٥٠,٠%

١٣,٣%

٢٢ ئایا ئامادەی بۆ فێربوونی زیاتری زمانی دووەم، ڕێگا و ستراتیژی فێربوونی نوێ بگریتەبەرو تاقیانبکەیتەوە.

٧٠,٠%

٢٦,٧%

٣,٣%

٢٣ ئایا هەوڵدەدەیت بۆ باشترکردنی ئاستی فێربوونی زمانی دووەمت لە (بیستن و وەرگرتن و بەکارهێنانی ئاخاوتن و دەربڕین و نوسیندا)، چەند هۆکار و ڕێباز و ستراتیژیەکی جۆراوجۆر بگریتەبەر ؟

٧٣,٣%

٢٦,٧%

٠%

٢٤ ئایا لەگەڵ فێرخوازی هاوپۆلەکانتدا بە زمانی دووەم ئاخافتن دەکەی؟

٣,٣%

٨٣,٣%

١٣,٣%

٢٥ ئایا گفتوگۆ و ئاخاوتن لەگەڵ ئەو فێرخوازانە، یاخود ئەوکەسانە دەکەی، کە زمانی ئینگلیزی لە خودی خۆت باشتر دەزانن؟

٥٣,٣%

٢٣,٣%

١٣,٣%

٢٦ ئايا زياتر لە زمانی دايک بە زمانی ئينگليزی پەرتووک و ڕۆژنامە و کۆمێنت دەخوێنيتەوە، يان دەنوسيت، ياخود گوێبيستی ڕاديۆ دەبيت، يا تەمەشای بەرنامە و فيليمی ئينگليزی دەکەی؟

٣٦,٧%

٥٣,٣%

١٠,٠%

٢٧ بۆ دەستنيشانکردن و ڕاستکردنەوەی هەڵەکانت، داوا لەو کەسانە دەکەی، کە بە زمانێکی پاراوی ئينگليزی ئاخافتن دەکەن؟

٦٠,٠%

٣٣,٣%

٦,٧%

٢٨ ئايا هەوڵدەدەيت بۆ دەربڕينی ئاخاوتن و دروستکردنی ڕستە، خۆت لە وەرگێرانی حەرفی بەدوربگری؟

٣٣,٣%

٥٣,٣%

١٣,٣%

٢٩ ئايا لە زمانی دووەمدا بۆ دروستکردنی ڕستە تەنيا پشت بە ڕێزمانی زمانەکە دەبەستی؟

٢٣,٣%

٤٦,٧%

٣٠,٠%

٣٠ ئايا کۆزانياری زمانی ( Knowledge ) زمانی دووەم لە دەربڕينی ئاخاوتن و دروستکردنی ڕستەدا بەکاردەهێنيت؟

٢٠,٠%

٧٦,٧%

٣,٣%

| | | Gender | |
|---|---|---|---|
| | | Me | ner |
| | | % Column N | % Column N |
| P١ | ١ | %١٣,٣ | %١٣,٣ |
| | ٢ | %٤٦,٧ | %٥٣,٣ |
| | ٣ | %٤٠,٠ | %٣٣,٣ |
| P٢ | ١ | %١٣,٣ | %٦,٧ |
| | ٢ | %٣٣,٣ | %٣٣,٣ |

| | | | |
|---|---|---|---|
| | ٣ | %٥٣,٣ | %٦٠,٠ |
| P٣ | ١ | %٤٠,٠و | %٢٦,٧ |
| | ٢ | %٤٠,٠ | %٤٦,٧ |
| | ٣ | %٢٠,٠و | %٢٦,٧ |
| P٤ | ١ | %٦,٧ | %٢٠,٠ |
| | ٢ | %٧٣,٣ | %٦٠,٠ |
| | ٣ | %٢٠,٠ | %٢٠,٠ |
| P٥ | ١ | %١٤,٣ | %٢٦,٧ |
| | ٢ | %٥٧,١و | %٢٦,٧ |
| | ٣ | %٢٨,٦ | %٤٦,٧ |
| P٦ | ١ | %١٣,٣ | %٦,٧ |
| | ٢ | %٦٠,٠ | %٣٣,٣ |
| | ٣ | %٢٦,٧ | %٦٠,٠ |
| P٧ | ١ | %٢٠,٠ | %٠,٠ |
| | ٢ | %٦٦,٧ | %٦٦,٧ |
| | ٣ | %١٣,٣ | %٣٣,٣ |
| P٨ | ١ | %٦,٧. | %٦,٧ |
| | ٢ | %٦٠,٠ | %٦٠,٠ |
| | ٣ | %٣٣,٣ | %٣٣,٣ |
| P٩ | ١ | %٦,٧ | %٠,٠ |
| | ٢ | %٦٠,٠ | %٦٦,٧ |
| | ٣ | %٣٣,٣ | %٣٣,٣ |
| P١٠ | ١ | %٢٦,٧ | %٣٣,٣ |
| | ٢ | %٥٣,٣ | %٣٣,٣ |
| | ٣ | %٢٠,٠ | %٣٣,٣ |
| P١١ | ١ | %٤٠,٠ | %٠,٠ |
| | ٢ | %٤٦,٧ | %٦٠,٠ |
| | ٣ | %١٣,٣ | %٤٠,٠ |
| P١٢ | ١ | %٢٦,٧ | %٠,٠ |
| | ٢ | %٦٠,٠ | %٨٠,٠ |

| | | | |
|---|---|---|---|
| | ٣ | %١٣,٣ | %٢٠,٠ |
| P١٣ | ١ | %١٣,٣ | %٦,٧ |
| | ٢ | %٥٣,٣ | %٤٦,٧ |
| | ٣ | %٣٣,٣ | %٤٦,٧ |
| P١٤ | ٢ | %٦٠,٠ | %٧٣,٣ |
| | ٣ | %٤٠,٠ | %٢٦,٧ |
| P١٥ | ١ | % ٢٦,٧ | %٠,٠ |
| | ٢ | %٣٣,٣ | %٢٠,٠ |
| | ٣ | %٤٠,٠ | %٨٠,٠ |
| P١٦ | ١ | %٦,٧ | %٠,٠ |
| | ٢ | %٤٦,٧ | %٥٣,٣ |
| | ٣ | %٤٦,٧ | %٤٦,٧ |
| P١٧ | ١ | %١٣,٣ | %٠,٠ |
| | ٢ | %٣٣,٣ | %٢٦,٧ |
| | ٣ | %٥٣,٣ | %٧٣,٣ |
| P١٨ | ١ | .%٦,٧ | %٢٠,٠ |
| | ٢ | %٧٣,٣ | %٤٦,٧ |
| | ٣ | %٢٠,٠ | % ٣٣,٣ |
| P١٩ | ١ | %١٣,٣ | %٠,٠ |
| | ٢ | %٥٣,٣ | %٥٣,٣ |
| | ٣ | %٣٣,٣ | %٤٦,٧ |
| P٢٠ | ١ | %٦,٧ | %٠,٠ |
| | ٢ | %٥٣,٣ | %٢٦,٧ |
| | ٣ | %٤٠,٠ | %٧٣,٣ |
| P٢١ | ١ | %١٣,٣ | %١٣,٣ |
| | ٢ | %٤٦,٧ | %٥٣,٣ |
| | ٣ | %٤٠,٠ | %٣٣,٣ |
| P٢٢ | ١ | .%٦,٧ | %٠,٠ |
| | ٢ | %٢٦,٧ | %٢٦,٧ |
| | ٣ | %٦٦,٧ | %٧٣,٣ |

| | | | |
|---|---|---|---|
| P٢٣ | ٢ | %٢٦,٧ | %٢٦,٧ |
| | ٣ | %٧٣,٣ | %٧٣,٣ |
| P٢٤ | ١ | %٢٠,٠ | %٦,٧ |
| | ٢ | %٨٠,٠ | %٨٦,٧ |
| | ٣ | %٠,٠ | %٦,٧ |
| P٢٥ | ١ | .%٦,٧ | %٢٠,٠ |
| | ٢ | %٤٦,٧ | %٢٠,٠ |
| | ٣ | %٤٦,٧ | %٦٠,٠ |
| P٢٦ | ١ | %١٣,٣ | %٦,٧ |
| | ٢ | %٤٦,٧ | %٦٠,٠ |
| | ٣ | %٤٠,٠ | %٣٣,٣ |
| P٢٧ | ١ | %٦,٧ | %٦,٧ |
| | ٢ | %٤٠,٠ | %٢٦,٧ |
| | ٣ | %٥٣,٣ | %٦٦,٧ |
| P٢٨ | ١ | %١٣,٣ | %١٣,٣ |
| | ٢ | %٦٠,٠ | %٤٦,٧ |
| | ٣ | %٢٦,٧ | % ٤٠,٠ |
| P٢٩ | ١ | %٤٦,٧ | %١٣,٣ |
| | ٢ | %٤٠,٠ | %٥٣,٣ |
| | ٣ | %١٣,٣ | %٣٣,٣ |
| P٣٠ | ١ | .%٦,٧ | %٠,٠ |
| | ٢ | %٨٦,٧ | %٦٦,٧ |
| | ٣ | .%٦,٧ | %٣٣,٣ |

خشتەی ژمارە دوو (٢)

وەرگرتنی وەڵامی ئەنجامی راپرسی نەخشەی ژمارە(٢) لەسەر بنەمای راپرسی هەرەمەکی سەبەتەبە بووە، واتە کۆی گشتی ژمارەی فێرکەران( ٢٢)فێرکەر بوون لە بەشی زمانی ئینگلیزی- کۆلیژی پەروەردە بۆ زانستە مرۆڤایەتییەکان لە زانکۆی یەلاحەددین، لەو ( ٢٢)فێرکەر ە (١٨) یان دەوامی فەرمییان بۆ ساڵی خوێندنی (٢٠١٧-٢٠١٨) هەبوو، بەشێوەی هەرەمەکی (١٠) فێرکەری ڕەگەزی نێر و ڕەگەزی مێ وەرگیراون، کە تەمەنیان لە نێوان ( ٦٢-٣١) ساڵدایە، دواتر ئەو(١٠٠) فێرکەرە دابەشی دوو گرووپی جیا لە (٥) فێرکەری ڕەگەزی نێر و (٥) فێرکەری ڕەگەزی مێ کراوە.

بۆ دۆزینەوەی ڕێژەی سەدی(%) پرسیارەکانی خشتەی ژمارە (٢)، پرۆگرامی SPSSبەکارهێنراوە.

بۆ ئەوەی خاڵی جیاواز و هاوبەشی نێوان ئەو دوو گرۆپە بەرێژەی بخەینەڕوو ، پێوەری هەڵبژاردنی رێژەی ( ٠% ) مان وەرگرتووە. بۆیە لە ئەنجامی جیاوازی وەڵامی هەردوو ڕەگەز لە دوو گرۆپەکەدا ئەوی بەدیمانکرد، سەرباری ئەوەی هەر دوو ڕەگەز لە وەڵامی پرسیاری (١) لە خانەی سێیەمدا رێژەی ٠% یان هەڵبژاردووە، واتە هاوبەشن، بەڵام رێژەی رەگەزی مێ لە وەڵامی پرسیاری ( ٥ ، ٦ ، ٧ ، ٨ ، ٩ ، ١١ ، ١٣)دا، کە دەکاتە (٧) پرسیار لە وەڵامدا (٠ %)یان بۆ خانەکانی( ١، ٢، ٣) داناوە، لە بەرانبەردا ڕەگەزی نێر لە وەڵامی پرسیاری (٢ ، ٣ ، ٥، ١٤)دا، واتە لە(٤) پرسیاردا وەڵامی( ٠% )یان داناوە. لە جیاوازییەکی تردا، هەردوو ڕەگەز لە خانەکانی ( ١ ، ٢، ٣ )داجیاوازیان لە هەڵبژاردن و پلانی ستراتیژی بۆ فێربوونی زمانی دووەمی فێرخوازان هەیە، بە جۆرێک لە وەڵامی پرسیاری( ٥)دا ڕەگەزی مێ ٠% لە خانەی ( ٣) داناوە، بەڵام ڕەگەزی نێر بۆ هەمان پرسیار لە خانەی (١)دا ٠.% یان داناوە .

ئەم جیاوازیانە ئەوەمان بۆ ڕووندەکاتەوە، کە ڕەگەزی مێ لە دارشتنی پلانی ستراتیژیدا بۆ فێرکردنی زمانی دووەمی فێرخوازان زیاتر متمانەیان بە خۆیانە و بۆ گەیشتن بە ئامانجی فێربوون ورد و چڕتر بیر لە پلانەیان دەکەنەوە. کەواتە ئەم وەڵامانە ئەوەمان بۆ دەخەنەڕوو، ئەگەرچی فێرکەری فێرخوازان لە ڕەگەزی نێر و مێ لە زۆرێک لە هەڵبژاردن و دانای پلان و ڕێگا و هۆکاری فێرکردنی فێرخوازان هاوبەشن، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا لە هەندێک ڕەهەند و ستراتیژی فێرکردندا سەربەخۆ وجیاوازن.

ئەم فۆڕمە تایبەتە بە فێرکەر (مامۆستا) :

تەمەن ( ) ساڵ ڕەگەز نێر ( ) مێ ( )

بەشی زمانی ئینگلیزی کۆلیژی ( ) زانکۆی سەڵاحەددین -

---------------------------------------------------------------------------------

خشتەی ژمارە دوو (٢)

ژ پرسیار

١ ئایا زمانی یەکەم(کوردی)ی فێرخواز کاریگەری لەسەر لە فێربوون و بەکارهێنانی ڕێزمان و ئاخاوتن و درکاندنی زمانی دووەم(ئینگلیزی) هەیە؟

١- زۆر ٣٠ %

٢- کەم ٧٠ %

٣- هیچ ٠%

٢ ئایا لە پۆلدا زمانی دووەم بۆ وانەوتنەوەی بابەتەکان و ئاخاوتن لەگەڵ فێرخوازاندا بەکاردەهێنیت ؟

١- هەمیشە ٤٠%

٢- زۆر ٤٠%

٣- کەم ٢٠%

٣ ئایا لە پۆلدا زمانی یەکەم لەپاڵ زمانی دووەمدا بەکاردەهێنیت بۆ ئەو فێرخوازانەی، کە تێنەگەیشتوون؟

١- زۆر ٢٠%

٢- کەم٧٠%

٣- هیچ ١٠%

٤ ئایا له فێربوونی زمانی دووەمدا فێرخواز به ژینگەی زمانی ناو پۆل پەیوەستدەکەیت ؟

١- زۆر٢٠%

٢- کەم ٤٠%

٣- هیچ ٤٠%

٥ ئایا پەلەکردن وخێرایی بەدیدەکەیت لەکاتی پێشکەشکردنی بابەت، بەمەبەستی کۆتایی هێنان به ستراتیژ و پرۆگرامی خوێندنی دیاریکراو ؟

١- زۆر٢٠%

٢- کەم٥٠%

٣- هیچ٣٠%

٦ ئایا بەگشتی فێرخوازەکان به ویست و ئارەزووی خۆیان زمانی دووەم دەخوێنن و لەو بەشە وەرگیراون ؟

١- زۆربەیان٥٠%

٢- هەندێکیان٤٠%

٣- هیچیان١٠%

٧ ئایا لەگەڵ فێرخوازەکاندا بەبابەتی کۆندا دەچنەوە و بەباتەی نوێی دەبەستنەوە؟

١- بەزۆری ٣٠%

٢- بەکەمی ٦٠%

٣- هیچ١٠%

٨ ئایا لەپۆلدا فێرخوازان بەگشتی ویستیانه بەکام زمان ئاخافتنیان لەگەڵدا بکەیت؟

١- زمانی یەکەم ١٠%

٢- زمانی دووەم ٦٠%

٣- زمانی یەکەم و دووەم٣٠%

٩ ئەو هۆکارانەی به زۆری بۆ فێربوونی زمانی دووەم بەکاریدەهێنیت چین ؟

١- فەرهەنگ، وێنه ، چیرۆک . ٣٠%

٢- ، ڕۆژنامه ، سی دی ، پەرتووک ، گۆڤار٤٠%

٣- سایدی ئەلکترۆنی٣٠%

١٠ ئایا چۆن هەڵسوکەوت لەگەڵ فێرخوازدەکەیت، کاتێک درک بەوەدەکەیت له یاسای ڕێزمانی، یان تێکست تێنەگەیشتبێت ؟

١- بۆی دوباره دەکەیەوە. ٥٠%

٢- شێوازی ستراتیژی فێرکردنت دەگۆڕیت .٣٠%

٣- ئەرکە لەسەرخۆی بە دوای تێگەیشتندا بگەڕێت.٢٠%

١١ چۆن بابەتەکەت لەڕووی ئامانج و ناوەڕۆک و هۆکارەوە پێشکەشدەکەیت :

١-دەروازەوناوەرۆک وڕاهێنان دەخیتەڕوو؟٣٠%

٢- لە ئاستەکانی زمانەوە بەرەو تێکست دەستپێدەکەیت ؟ ٣٠%

٣- لە تێکستەوە بەرەو ئاستەکانی زمان دەستپێدەکەیت؟ ٤٠%

١٢ ئایا زیاتر ئەو هەڵە زەق و دیارانەی لە فێرخوازدا بەدیدەکەیت کامانەن؟

١- هەڵەی ڕێخستنی ڕێزمان ( مۆرفۆلۆژی ، سینتاکس).٣٠%

٢- هەڵەی درکاندن و ڕێکخستی درکاندن.٣٠%

٣- هەڵەی تێنەگەیشتن لە واتای وشە.٤٠%

١٣ کاتێک هەڵەی دەربڕین لە فێرخوازدا بەدیدەکەیت چۆن هەڵسوکەوتی لەگەڵدا دەکەیت؟

١- کاتێکیان بۆ تەرخان دەکەم بەمەبەستی درکپێکردنی هەڵەکانیان. ٣٠%

٢- هەڵەکانیان بۆ ڕاستدەکەیتەوە.٥٠%

٣- داوایان لێدەکەی خۆیان هەڵەکانیان ڕاستبکەنەوە.٢٠%

١٤ ئایا لە وانەوتنەوە و فێرکردنی زمانی دووەمدا کام لەم ستراتیژیانە بەکاردەهێنیت؟

١- ئەو ستراتیژییەی لە بەش و کۆلێژەوە بۆ بابەتەکەیان ئامادەکردووە.٥٠ %

٢- ئەوەی خۆت لە پێش دەستپێکردنی خوێندنی ساڵی نوێدا داتڕێشتووە.١٠%

٣- لە کاتی دەستپێکردنی خوێندندا بە هاوکاری و تێگەیشتنی فێرخوازان ستراتیژدادەڕێژیت.٤٠%

١٥ ئەو چالاکییە زمانیانەی بەمەبەستی گەشەپێدانی بەهرەی زمانی فێرخواز بەکاریاندەهێنیت چیین ؟

١- لێکۆڵینەوەی شێواز و دەربڕینی زارەکی و ڕێزمان.٢٠%

٢- چالاکی نوسین و ڕێنووس و ڕاهێنان.٥٠%

٣- دەربڕین و خوێندنەوە.٣٠%

| پرسیارەکان | | ڕەگەز | |
|---|---|---|---|
| | | نێر | مێ |
| | | % Column N | % Column N |
| p١ | ١ | %٤٠,٠ | %٢٠,٠ |
| | ٢ | %٦٠,٠ | %٨٠,٠ |
| | ٣ | %٠ | %٠ |
| p٢ | ١ | %٦٠,٠ | %٢٠,٠ |
| | ٢ | %٤٠,٠ | %٤٠,٠ |

| | | | |
|---|---|---|---|
| | ٣ | %٠,٠ | %٤٠,٠ |
| p٣ | ١ | %٢٠,٠ | %٢٠,٠ |
| | ٢ | %٨٠,٠ | %٦٠,٠ |
| | ٣ | %٠,٠ | %٢٠,٠ |
| p٤ | ١ | %٢٠,٠ | %٢٠,٠ |
| | ٢ | %٤٠,٠ | %٤٠,٠ |
| | ٣ | %٤٠,٠ | %٤٠,٠ |
| p٥ | ١ | %٠,٠ | %٤٠,٠ |
| | ٢ | %٤٠,٠ | %٦٠,٠ |
| | ٣ | %٦٠,٠ | %٠,٠ |
| p٦ | ١ | %٤٠,٠ | %٦٠,٠ |
| | ٢ | %٤٠,٠ | %٤٠,٠ |
| | ٣ | %٢٠,٠ | %٠,٠ |
| p٧ | ١ | %٤٠,٠ | %٢٠,٠ |
| | ٢ | %٤٠,٠ | %٨٠,٠ |
| | ٣ | %٢٠,٠ | %٠,٠ |
| p٨ | ١ | %٢٠,٠ | %٠,٠ |
| | ٢ | %٦٠,٠ | %٦٠,٠ |
| | ٣ | %٢٠,٠ | %٤٠,٠ |
| p٩ | ١ | %٦٠,٠ | %٠,٠ |
| | ٢ | %٢٠,٠ | %٦٠,٠ |
| | ٣ | %٢٠,٠ | %٤٠,٠ |
| p١٠ | ١ | %٤٠,٠ | %٦٠,٠ |
| | ٢ | %٤٠,٠ | %٢٠,٠ |
| | ٣ | %٢٠,٠ | %٢٠,٠ |
| p١١ | ١ | %٢٠,٠ | %٠,٠ |
| | ٢ | %٦٠,٠ | %٨٠,٠ |
| | ٣ | %٢٠,٠ | %٢٠,٠ |
| p١٢ | ١ | %٢٠,٠ | %٤٠,٠ |
| | ٢ | %٤٠,٠ | %٢٠,٠ |

| | | | |
|---|---|---|---|
| | ٣ | %٤٠,٠ | %٤٠,٠ |
| p١٣ | ١ | %٢٠,٠ | %٤٠,٠ |
| | ٢ | %٤٠,٠ | %٦٠,٠ |
| | ٣ | %٤٠,٠ | %٠,٠ |
| p١٤ | ١ | %٤٠,٠ | %٦٠,٠ |
| | ٢ | %٠,٠ | %٢٠,٠ |
| | ٣ | %٦٠,٠ | %٢٠,٠ |
| p١٥ | ١ | %٢٠,٠ | %٢٠,٠ |
| | ٢ | %٤٠,٠ | %٦٠,٠ |
| | ٣ | %٤٠,٠ | %٢٠,٠ |

ئەنجام

١- پرۆسەی فێربوونی زمانی دووم بەبێ ستراتیژ بەدینایەت، لە هەر قۆناغێکشدا دەشێت ستراتیژی فێربوون بگۆڕدرێت.

٢- لە پرۆسەی فێربوونی زمانی دووەمدا، باشترین ستراتیژ لە ژینگەی پۆلدا بەکارهێنانی وشەیە لە دەوربەر( سیاق)ی ڕستەدا.

٣- هەموو جۆرەکانی ستراتیژ جەخت لەوەدەکەنەوە، بوون و ڕوودانی هەڵەی زمانی لە فێرخوازدا ، ئاماژەیە بۆ فێربوونی زمانی دووەم.

٤- کارەکتەری سەرەکی لە فێربوونی زمانی دووەمدا فێرخوازە، دواتر فێرکەر و هۆکارەکانی وەکو بابەت و ژینگەی ناو پۆل ڕۆڵدەبینن.

٥- ڕەگەزی مێ لە فێرخواز و لە فێرکەردا لە ڕەگەزی نێر لە هەڵبژاردن و جێ بەجێکردنی ستراتیژی فێربوونی زمانی دووەمدا ورد و چڕترن.

٦- لە هەڵبژاردنی ستراتیژی فێربوونی زماندا، جۆرێک لە ئازادی و ئارەزوومەدانە بە فێرخواز بدرێت، تاوەکو فێربوونی زمانەکەی لا خۆشەویست بێت.

پەراوێزەکان

١- ستراتیژ (strateg) چەمکێکی یۆنانییە، بنەماکەی بریتییە لە (Strategia) بەواتای هونەری شەر (The art of war) دێت، هەروەها واتای پلان (Tactic)یش دەگەنێت.

ئێمە لەم لێکۆڵینەوەیەدا بە ڕوانگەی کۆزمانەنی چەمکی (پلان) بۆ ستراتیژ بەکاردەبەین.

٢- لێکۆڵینەوە لەسەر ستراتیژیەکانی فێربوون لێکۆڵینەوەیەکی کاریگەر و ئارەزوومەندە بۆ فێرخواز. زۆر لە فێرخوازان و فێرکاران سوودمەندبوون و ستراتیژیەکانی فێربوونیان دۆزیوەتەوە ، یەکەم هەوڵدانی زانستی لەلای ئاڕۆن کرتۆن لە ساڵی (١٩٦٦) دا دەرکەوت. ( Rubin، J.& Thompson، ١٩ : ١٩٨٢) .I

پاشان لێکۆڵینەوەیەکی تر لە لایەن ڕۆبن لەساڵی ١٩٧١ دا دەستی پێکرد ،جەختی لەسەر لێکۆڵینەوەی ستراتیژی فێربوونی سەرکەوتوو کردەوە و چۆنییەتی سوود وەرگرتن لەم ستراتیژیانە بۆ فێرخواز بەپێی ئاستی سەرکەوتن، ئاماژەی بەوەکرد فێرخوازی سەرکەوتوو ستراتیژی فێربوونی دیاریکراو بۆ پرۆسەی فێربوونی زمانی دووەم بە کار دەهێنێت بەشێوەیەکی کاریگەر و سەرکەوتوانە . Rubin j& Thompson (٨٩ : ١٩٨٢)

٣- بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە:

١-Kasper،Kellerman & G. (١٩٩٧: ٦٣)، E.

٢-(١٩٨٥ : ٢٢٦) Ellis Rod. Oxford

٣-Taron، Elaine ،(١٩٨١:٢٨٥- ٢٩٥) .

٤-(١٩٩٤ : ١٣٢ -١٤٤) Brown .D

٤- ئەم ڕێبازە ستراتیژی بە جێهێنانی لەگەڵ گەیاندن هەژمار کردووە.

٥- فێربوون (To learn) چەمکێکە بەواتای دەستکەوت و کۆکردنەوە و گەڕانەوە دێت.

٦- سەرهەڵدانی ئەم ئەم ستراتیژییە لە ئەنجامی لێکۆڵینەوەکانی (ستێرن و ڕۆبیان Rubin،Stern - لە ساڵی(١٩٨٠)دا دەربارەی دیمەنی فێرخوازی باش بۆ فێربوونی زمانی دووەم دەستی پێکرد) - Long، M (٢٥٣: ١٩٩٠) . جگە لە (ئەباهام و ڤان Abaham -، vann) لەساڵی(١٩٨٧)دا دەربارەی فێرخوازانی باش و فێرخوازی لاواز(ناچالاک) کاریان بەم ستراتیژییەکرد)Abraham،Vann & R.G. ، R.J. (٣٩ ١٩٨٧) ، هەروەها لێکۆڵینەوەکەی ( ئومڵی و شامۆت - omlley،chamot لە ساڵی (١٩٩٠)دا دەربارەی ماوەی کۆزانیارییەکانی ستراتیژی فێربوون، وەکو نموونەی تیۆری بۆ پۆلینکردنی ستراتیژی فێربوونی زمانی دووەم خرایەڕوو). O'Malley،Chamot & J ،(١٧٥ : ١٩٩٠) .A

٧- زۆربەی ئەو فێرخوازە کوردانەی لە هەرێمی کوردستان بۆ خوێندن دەچنە دەرەوە، لەوێدا بۆ فێربوونی زمانی دووەم ڕێنمایی و ئامۆژگاری و داتایان پێدەدرێت، بۆ ئەوەی هانبدرێن لەگەڵ کەسانی زمانی مەبەست ئاشنایی و تێکەڵاوی کۆمەڵایەتی ببەستن، بۆ ئەوەی بتوانن بەکەمترین کات و بە باشترین شێوە فێری زمانەکە ببن، بەتایبەتی لە درکاندن و کۆزانیاری و کەلتوری زمانەکەدا.

٨- چەمکی ستراتیژییەتی گەیاندن بۆ یەکەم جار لەلایەن( سیلینکیر) ئاماژەی پێکرا، گوایە یەکێکە لەکارە ناوەندیەکانی فێربوونی زمانی دووەم. بۆ زیاتر زانیاری بڕوانە: Selinker،( ٢٣٢ -٢٠٩ : ١٩٧٢) .L

٩- ئەو لێکۆڵەرانەبریتین لە (ئیلین تارۆن ، کلۆز ڤایرتش، گابرییل کاسپر، ئیلین بیالیستوک).

بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە: VanPatten،Benati; Bill ،( ٧٣ : ٢٠١٠) .Alessandro G

١٠- پێداگۆگی وشەیەکی یونانییە لایەنی پەروەردەیی دەگرێتەوە، واتە ئەو کەسەی لە قوتابخانەدا هاوشانی منداڵ دەکات ، لێرە مەبەست لە پێداگۆگی بریتییە لە بڕیاردان لەسەر فێرخواز، تا چ ڕادەیەک لە کاری فێربووندا گەیشتۆتە ئامانج وە دیاریکردنی بەربەستەکانی فێربوون، پێشنیارکردنی هۆکاری گونجاو بەمەبەستی لابردنی ئەم بەربەستانە لەبەر دەم فێربوونی زمانی دووەمدا.

سەرچاوەکان

سەرچاوەی کوردی

دڵنیا نوری عبداللە، (٢٠١٥)، ستراتیژیەتی فێربوونی زمانی دووەم ( خوێندنی بنەرەتی بە نموونە )، نامەی ماستەر ، زانکۆی سەلاحەددین.

سەرچاوەی عەرەبی

دوجلاس براون، ترجمە: د.عبده اراجحی ،د.علی احمد شعبان، ( ١٩٩٤) ، اسس تعلم اللغه وتعلیمها، دار النهچه العربیه.

عبدالله الهاشمى و محمود على، استراتيجيات تعلم المفردات لدى دارسى اللغه العربيه فى جامعه العلوم الأسلاميه بماليزيا واعتقاداتهم المتعلقه بها: المجله الررردنيه فى العلوم التربويه، مجلد ٨، عدد،٢٠١٢، ٢، ١٠٥- ١١٧ .

سەرچاوەی ئینگلیزی

R. J. (١٩٨٧) "Strategies of two language learners: ، and Vann، R. G.،Abraham Learner strategies in language،" in A. Wenden & J. Rubin (Eds.)،A case study . NY: Prentice/Hall International، Englewood Cliffs،learning

Brown .D (١٩٩٤). Principles of language learning and teaching ( third editon) . . NJ: Prentice Hall Regents،Englewood Cliffs

H. D. ((١٩٩٤). Principles of Language Learning and Teaching. Upper ،Brown . NJ: Prentice Hall،Saddle River

M. (١٩٨٠). Theoretical Bases of Communicative ، & Swain، M.،Canale Approaches to Second Language Teaching and Testing. Applied Linguistics. .Oxford University Press

. J. S. (١٩٨٣). Stages of reading development. New York: McGraw-Hill،Chall

S. Pit (١٩٨١). Error Analysis and Interlanguage. London: Oxford ،Corder .University Press

Understanding Second Language Acquisition: ،Ellis Rod. Oxford (١٩٨٥) .Oxford University Press

Rod (١٩٩٧). Second Language Acquisition. Oxford Introductions to ،Ellis . New York: Oxford University Press،Language Study. Oxford

((٢٠١٢: Suwanarak، learning strategies ،English language learning beliefs

Harper & Row. www.tesol.org.au/files/files/٢٧٥_kasma_suwanarak.pdf

E. (١٩٩٧) Communication strategies: psycholinguistic، G. & Kellerman،Kasper . perspectives. London: Longman،and sociolinguistic

L. (١٩٧٢) Comparative Studies in Foreign-Language Teaching. ،Levin .Stockholm: Almqvist & Wiksell

Studies ، M (١٩٩٠). Maturational constraints on language development،Long in Second Language Acquisition. cambridge

Marton . W. ( ١٩٨٨) methods in English Language teaching; Frame works and . option. Prentice Hall International (LTD).UK

A. (١٩٩٠). Learning Strategies in Second Language ، J. & Chamot،O'Malley .Acquisition[M]. Cambridge: Cambridge University Press

Oxford . R (١٩٩٠) Language learning strategies : What every teacher should .Know. New york: New bury House

Pavicic . T.V . ( ٢٠٠٨) . Vocabulary Learning Strategies and foreign language . UK : Multilingual Matters،acquisition. Clevedon

F. C. ١٩٩٤. Attributes of UK ، P. O. & Harr١s، Olomolaiye، S. T.،Kometa construction clients influencing project consultants' performance. Construction . ٤٣٣-٤٤٣، ١٢،Management and Economics

Y. W. ٢٠٠٧. Causes and effects of delays in ، M. & Soon،Sambasivan ،Malaysian construction industry. International Journal of project management . ٥١٧-٥٢٦،٢٥

H. (١٩٩٢). Dictionary of language teaching ، and Platt، J.، Platt، J.C.،Richards .and applied linguistics. London: Longman

I. (١٩٨٢). How to Be a More Successful Language ، & Thompson، J.،Rubin . Mass.: Heinle & Heinle Publishers،Learner. Boston

IRAL; International Review of Applied ، L. (١٩٧٢) Interlanguage ،Selinker Linguistics in Language Teaching. doi : ١٠,١٥١٥/ iral .١٩٧٩ .١٠ .١-٤,٢٠٩

(١٩٨١). Some Thoughts on the Notion of Communication. ، Elaine ،Taron . Tesol Quarterly،Strategy

Alessandro G. (٢٠١٠). Key Terms in Second ، Bill; Benati،VanPatten .Language Acquisition. London: Continuum

T .(١٩٨٠) . Strategies of Target Language Learner Communication: ،Varadi Message-Adjustment IRAL : International Review of Applied Linguistics in . Iss،Language Teaching ; Heidelberg Vol. ١٨

R. (٢٠٠٣). The effects of pre-task planning and on-line ، & Ellis، F.،Yuan complexity and accuracy in L٢ oral production. Applied ،planning on fluency .Linguistics Oxford University Press

سەرچاوەی فەرەنسی

Les stratégies d'apprentissage .les éditions CEC inc .CLE ،Paul cyr (١٩٩٨) . international .Pari

Abstract

tagged with (Social Linguistics Strategies for the Second ،This study aims to determine the second language in the study ،Language Learner) facing multiple challenges and errors in the ،centers in the Kurdistan region. and this study attempts to study a strategy used by ،second language learner with an explanation of how learners learn the ،the second language learners second language in light of these strategies. The English language in the because their first language ،College of Education / University of Salah al-Din .- the mother tongue - is Kurdish